https://www.doi.org/10.31918/twejer.1812.7

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# هەڵسەنگاندنی پەرتوکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بۆ پۆلی نۆی بنەڕەتی لە دیدی مامۆستایانەوە

کارزان محمد عارف
مامۆستای یاریدەدەر
karzan.arif@univsul.edu.iq

کوردستان محمد ئازاد
مامۆستای یاریدەدەر

کۆلیجی پەروەردەی بنەڕەتی/ زانکۆی سلێمانی

**پوختە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە هەڵسەنگاندنی پەرتوکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی نۆی بنەڕەتی لە تێڕوانینی مامۆستایانەوە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٧–٢٠١٨)، نموونەی توێژینەوەکە پێکدێت لە (١٠٠) مامۆستای بابەتی کۆمەڵایەتی لە هەردوو ڕەگەز کە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی مەبەستدار هەڵبژێردران لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لە (٣٥) خوێندنگە لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، (٣٨) مامۆستا لە ڕەگەزی نێر و (٦٢) مامۆستا لە ڕەگەزی مێ، توێژەران بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری پێویست بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە پشتیان بەستووە بە فۆرمی ڕاپرسی و توێژینەوەکانی پێشوو کە (٨) بواری جیاواز لە خۆدەگرێت، لە (٨٧) بڕگە پێکهاتووە، توێژەران دوای ئامادەکردنی ئامرازەکە و دەرهێنانی ڕاستی و جێگیری، هەستان بە جێبەجێکردنی بەسەر نموونەی ڕەسەنی توێژینەوەکە لای مامۆستایان، و پاش شیکردنەوە و بەتاڵکردنەوەی ڕاپرسەکە بە بەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری ناوەندی شیاو و کێشی سەدی و پاشان ڕیزبەندی تەوەرەکان ئەنجامی توێژینەوەکەیان خستۆتەڕوو.

**وشە کلیلییەکان:** پەرتوک، بابەتی کۆمەڵایەتی، نۆی بنەڕەتی، خوێندنگەکانی شاری سلێمانی.

# هەڵسەنگاندنی پەرتوکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بۆ پۆلی نۆی بنەڕەتی لە دیدی مامۆستایانەوە

## بەشی یەکەم (ناساندنی توێژینەوە)

### ١-١: پێشەکی:

یەکێک لەو هۆکارەی کە کۆمەڵگە هەوڵدەدات پێشکەوتن و گەشەکردنی شارستانییەتی لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا تێدا بەدیبهێنێت پەروەردەیە، ئەویش کار بۆ بەدیهاتنی ئامانجەکانی کۆمەڵگە دەکات بە پێی تایبەتمەندی و پێویستییەکانی ئەو کۆمەڵگەیە، ئەمەش پرۆسەیەکی بەردەوامە و ناوەستێت تەنها بە وەستانی ژیان نەبێت.

لەم سۆنگەیەوە دەتوانین بڵێین پرۆگرامی پەروەردەیی ڕۆڵێکی بنەڕەتی هەیە لە دروستکردنی مرۆڤ و گەشەسەندن، کە هۆکارێکی یاریدەدەرە بۆ پڕچەککردنی بە لێهاتوویی و بەتوانایی ئەمەش سەرەنجام دەبێتە هۆی بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی گەشە کردوو.

لە سەردەمی ئێستادا کە بە سەردەمی شۆڕشی تەکنەلۆجی و زانیاری دادەنرێت لە سەرجەم بوارەکانی ژیان، و چەرخی کرانەوەیە بەڕووی ڕۆشنبیری و شارستانییەتی جیهان ئەم شۆڕشە زانستییەش پشتدەبەستێت بە زانست و زانیاری پێشکەوتوو، عەقڵی مرۆڤیش بەشێکی سەرەکییە لەو بەرەو پێشچوونە وزەیەکی نوێی پێدەدات.

پێشکەوتنی گەشەسەندنی تەکنەلۆجیا و زانیاری قۆرخ نەکراوە تەنها بۆ کەس و لایەنێک یان ناوچەیەکی جیهان، بەڵکو هەر کۆمەڵگە و لایەنێــک دەتــوانن ســوودمەندبن بەمەرجێــک تاکەکــانی بە پەروەردەیەکی باش و سەردەمییانە ئامادە بکات، سەرهەڵدانی ئەم شۆڕشە زانیاری و تەکنەلۆجییە بەشێوەیەکی گشتی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی (١٨ – ٢٠) لە ئەنجامی هاتنە پێشەوەی کۆمەڵێک بابەتی وەک گەیاندنی زانیاری و بڵاوبوونەوە و تەشەنەکردنی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری، زیادبوونی مەعریفەش پێویستی بە بەردەوامی هەیە لە گشــت بوارەکــانی پەروەردەدا ئەمەش بە ئامــانجی بەدەستهێنانی پێویستییەکانی تاکەکانی کۆمەڵە لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێشکەوتنە خێرایەی لە جیهاندا دەبینرێت. (وزارة التربیه والتعلیم، ٢٠٠٣)

بێگومان پرۆگرام و پەرتوکی خوێندنگەش هەمان گۆڕانکاری و گەشەســەندنی بەخــۆوە بینیــوە و لایەنێکــی لێــک جیــانەکراوەیە لە پرۆسەی فراونبوونی زانیاری و تەکنەلۆجیادا، بۆیە جێگەی خۆیەتی چاو بە پەرتووک و پرۆگرامەکانی خوێندن بخشێنرێتەوە لە ڕووی دەرهێنــانی هــونەری و زمــانەوانی و پێشــەکی و نــاوەڕۆکی فێرکــاریەکەی و هۆکــارە فێرکارییەکــان و چالاکییەکــان و هەڵسەنگاندن.(شحاتة، ٢٠٠١: ٣٨)

فێرکــردن یەکــێکە لەو ڕێگایــانەی کە بڕیــار لەســەر ڕێــڕەوی گەشەکردن و نەخشەکێشانی ئاینده دەدات، ئەوەش سەلمێنراوە کە پێشکەوتن هاوتایە لەگەڵ زانست و زانیاری، خۆشگوزەرانی خەڵک و پێشکەوتنیان پشت بە سیستمێکی فێرکردنی گەشەکردووی بەردەوام

دەبەستێت، پەرتوکی خوێندنگەش بەشێکی گرنگی ئەو سیستەمە پێکدەهێنێت هەر لەبەر ئەوەش پێویستە بەردەوام هەڵسەنگاندن بۆ گشت لایەنەکانی پەرتوکەکە بکرێت، لایەنە پەیوەندیدارەکانی تایبەت بە دانەرانی پرۆگرامەکانی خوێندن بەدوادا چوونیان هەبێت بۆ پرۆگرامەکان بە بەردەوامی و هاوکاری گشت لایەک ناوەندەکانی تویژینەوە و کۆلیژە پەروەردەییەکان لە زانکۆکان بە مەبەستی سوودوەرگرتن لە پسپۆڕی و شارەزاییان بۆ باشکردنی پەرتوکی خوێندنگە، لە ڕێگەی بەستن و سازدانی چەند سیمینار و کۆنفرانسێکەوە بە پێی پلان و بەرنامەیەکی هەمەلایەنە کە ڕەچاوی بنەمای فەلسەفی و دەروونی و زمانەوانی و زانیاری و کۆمەڵایەتییەکانی تێدا بکرێت، بۆ ئەوەی لە ئاست داخوازی خوێندکار و پێویستیەکانیاندا بێت.

بێگومان پەرتوکی خوێندنگە بە شێوەیەکی گشتی ڕۆڵی گەورە دەبینێت لە پرۆسەی فێرکردن، بە تایبەت پەرتوکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر تاکەکان بەجۆرێک پەیوەستدەبن بە کلتور و ڕۆشنبیری و شارستانییەتی مێژوو و سنووری جوگرافی و بەها باوە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە، بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بوارێکی فراوان و هەمە جۆرە کە تیایدا تیشک دەخرێتە سەر تایبەتمەندیە ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و نیشتمانیەکان، بۆیە جێی خۆیەتی بەردەوام هەڵسەنگاندنی بۆ برێت تا بتوانێت وێنەیەکی ڕوون پیشان بدات لەسەر بیروباوەڕ و فەلسەفەی کۆمەڵگەکە.

پەرتــوکی خوێنــدنی بــابەتە کۆمەڵایەتییەکــان بەشــدارە لە گواستنەوەی کلتور و میراتی کۆمەڵگە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر و پارێزگاریکردن لێی، بەستنەوەی ڕابردوو و ئێستا و ئایندەیە بەیەکتــرەوە، هۆکــارێکی کــاریگەرە بــۆ پەروەردەکردنــی تاکەکــان بەهۆیەوە تواناو لێهاتوویی کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی وەردەگرن.

کــرداری هەڵســـەنگاندن شانبەشــانی پرۆســـەی ئامــادەکردنی پرۆگرامەکـان بەردەوامە بە پێـی قۆنـاغە جیاوازەکـان، هەڵسـەنگاندن بەشێکی گرنگی پرۆسەی چاکسازیە لە پرۆگرام، توێژەرانیش پێیان وایە مامۆســـتایان ڕۆڵیـــان لە هەڵســـەنگاندنی پەرتـــوکی بـــابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی (٩)ی بنەڕەتیدا هەیە، چونکە بە پلەی یەکەم دێــن لە جێبەجێکردنــی پەرتــوکەکە، زیــاتر نــزیکن لە هەر هەڵە و کەموکورییەک کە تێیدا هەیە، توێژەران باوەڕیشیان وایە دەبێت بۆ هەر کردارێکی هەڵسەنگاندنی پەرتوکەکە بۆچوون و ڕاسپاردەکانیان وەربگیرێـــت لە لایەن بڕیـــار بەدەســـتانی وەزارەتـــی پەروەردە و فێرکردن.

### ١-٢: کێشەی توێژینەوە:

ئەم چەرخەی ئێستا چەرخی گەشکردن و پێشکەوتنی خێرایە بەشـــێوەیەکی بەرچـــاو و فـــراوان لەســـەرجەم بوارەکـــانی ژیـــانی مرۆڤایەتیـــدا لە ڕووی کـــۆمەڵایەتی و سیاســـی و ئـــابووری و ڕۆشــنبیری و کلتــوریەوە، بڵاوبــوونەوەی زانســت و زانیــاری بە شێوەیەکی خێرا و بەردەوام پەلی هاویشتووە بۆ گشت ناوچەیەکی ئەم جیهانە، دەکرێت لە ڕێگەی سیستمێکی پەروەردەیی هاوچەرخ و

بەهێـزەوە ڕووبەڕووی ئەو ئاسـتەنگانە ببیـنەوە کە ئەم شۆڕشـی تەکنەلۆجی و زانیارییانە دەیهێننە بەرهەم، بەهۆی ئەوەی پەرتوکی خوێنـدنگە بەشـێکی سـەرەکی و گرنـگ و بەشـدارە لە ڕەگەزە سـەرەکییەکانی پرۆسـەی پەروەردە و پشـتیوانێکی هەرە بەهێـزە لە بەرەو پێشچوونی تاک و کۆمەڵ. (مرعی و حیلة، ٢٠٠١: ٤١)

بیگومـان هەر پەرتـووکێکی خوێنـدنگە پشـت دەبەسـتێت بەو سیستمە پەروەردەیی و فێرکاریەی لە کۆمەڵگەیەدا پەیڕەو دەکرێت لەناویشیاندا پەرتوکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، خوێندکار بەگرنگترین دەرئەنجـامی پرۆسـەی فێرکـردن ئەژمـار دەکرێت بەپشـت بەسـتن بەئامـانجی پرۆسـەی پەروەردەیی ئامـادەکردنی هـاوڵاتییەکی چـالاک کە توانـای هەبێت خـۆی بگونجێنێت لەگەڵ خـۆی و کـۆمەڵگەکەی و گۆڕانکاریەکـان بەتـایبەت پەرتـوکی بـابەتی کـۆمەڵایەتی کـار لەسـەر تاکەکانی کۆمەڵگە دەکات لەڕووی پرۆسـەی بەکۆمەڵایەتی کـردن و ئەو ڕۆڵەی دەبینیَ لەکۆمەڵگەدا بۆیە پێویستە بزانرێت تـا چ ڕادەیەک ئەم پەرتـوکە لە ئاسـتی خواسـتەکانی ئەمـڕۆی خوێنـدکارە و کۆمەڵگەکـان هەوڵ دەدەن لەڕێـی هەڵسـەنگاندنی بـابەتەوە ئامانجەکانیان بێتەدی، و پەرتوکی خوێندنگە و خشتەی خوێندنەوە تەنهـا ئـامرازی خوێنـدنەکە خوێنـدکار پشـتی پـیَ دەبەسـتیَ لە هەر پلەیەکی خوێندندا بێت.

هەروەهـا تەنهـا سـەرچاوەیە لە هەنـدیَ خوێنـدنگە بە تـایبەتی لەناوچە هەژارەکان یان بێبەش لەڕادەی ڕۆشنبیری، کەواتە باش یان باش نەبوونی هەموو پرۆسەی خوێندنی پێوە بەستراوە بە مامۆستا و خوێندکارەکانەوە . (الاغا و عبد المنعم، ١٩٩٧: ٩٩)

تـویژەران لەڕێـگەی پسـپۆڕی و شـارەزاییان لە وانەوتـنەوە و ئاگاداربوونیان لە توێژینەوەکانی پێشوو و لەبەر ئەو ڕۆڵە گەورە و فـراوانەی کە پرۆگرامـی بـابەتە کۆمەڵایەتییەکـان دەیگێڕێـت، ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەک لە پرۆگرامی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانیان بە گرنـگ زانـی کە کەم تـوێژەر خـۆی لەقەرەی ئەو بـابەتە بەتـایبەتی پەرتـوکی بـابەتە کۆمەڵایەتییەکـان داوە، بە مەبەسـتی زانـین و دەرخستنی ڕادەی شیاوی و نەشیاوی پرۆگرامی بابەتی کۆمەڵایەتی پۆلی (٩) ی بنەڕەتی لە خوێندنگەکانی شاری سلێمانی لە تێڕوانینی مامۆستایانی بابەتەکەوە، لەبەر ئەوەی مامۆستایان لایەنێکی نزیکن لە نـاوەڕۆک و پێکهـاتەی پرۆگـرامەکە، تـا بتوانرێـت ڕاسـپاردە و سـەرنجەکانیان بخـرێتەڕوو بـۆ لایەنـی پەیوەندیـدار، بە ئامـانجی بەرەوپێشـبردن و گەشـە پێکردنـی پەرتـوکی بـابەتی کـۆمەڵایەتی بەشـێوەیەکی سـەردەمییانەتر، بە ئومێـدی دروسـتکردنی تـاکێکی وشیارتر بۆ خزمەتی وڵات ونیشتمان.

**١-٣: گرنگی توێژینەوە:**

گرنگـی ئەنجامـدانی ئەو تـوێژیەنەوەیە، لێـرەدا بەچەنـد خاڵێـک دەخەینەڕوو:

١-٣-١: ئەم توێژینەوەیە لەم کاتەی ئێستادا یارمەتیدەرێکی باش دەبێـت بـۆ بڕیـار بەدەسـتان و پرۆگـرام دانەرانـی وەزارەتـی پەروەردەی هەرێمـی کوردسـتان بـۆ پێـداچوونەوە و گەیشـتن بە پەرتـوکی خوێنـدنی بـابەتە کۆمەڵایەتییەکـانی پـۆلی نـۆیەمی بنەڕەتـی بەشێوەیەکی هاوچەرخ و سەردەمییانە.

١-٣-٢: بـــابەتی زانســـتە کۆمەڵایەتییەکـــان بـــابەتێکی تەواو کۆمەڵایەتییە و پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەسەر تاکەکان هەیە، گرنگی ئەم تـوێژینەوەیەش لەوەدایە کە ئاشـنامان دەکـات بە لایەنە بهێـز و لاوازەکانی پرۆگرامەکە.

١-٣-٣: ســوودی هەیە بــۆ هەڵســەنگێنەران و لێکــۆڵەرەوانی پرۆگرامەکانی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان وەک سەرچاوەیەکی زانستی لە ڕێگەی ڕاسپاردە و پێشنیارەکانی توێژینەوەکەوە.

١-٣-٤: گــرنگە بــۆ زانینــی ڕادەی چــۆنیەتی و چالاکییەکــانی پرۆگرامــی فێرکــاری پەرتــوکەکە، لە ڕێــگەی بیروبۆچوونەکــانی مامۆســتایانی بــابەتەکە و بەخشــینی فیــدباک بــۆ گەشــەپێدان و باشترکردنی پەرتوکەکە.

١-٣-٥: گــرنگە بــۆ بەڕێــوەبەرایەتی پەروەردە و خوێنــدنگە بنەڕەتییەکان و مامۆستایان، وەک بەرچاوڕوونییەک بۆ ناسینی ئەو کەم و کورتییانەی لە پرۆگرامەکەدا هەیە.

**١-٤: ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە ئەنجامدراوە بە ئامانجی:

هەڵسەنگاندنی پەرتوکی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی (٩) ی بنەڕەتـی پارێزگـای سلێمانی لە تێڕوانینـی مامۆسـتایانەوە، لە ڕووی (هــونەری، ئامانجەکــان، پێشــەکی، نــاوەڕۆک، چــالاکی، هۆکارەکانی فێرکردن، زمانەوانی، هەڵسەنگاندن) بە مەبەستی زانینـی ڕادەی گونجـاوی و شـیاوی بـۆ ئاسـتی خوێنـدکار و دیـاریکردنی

لایەنی بەهێز و لاوازی پەرتوکەکە و دەرکردنی چەند بڕیارێک بۆ بەهێزکردنی خاڵە لاوازەکان و گۆڕانکاری کردن تێیدا بە شێوەیەکی گشتگیر.

**١-٥: سنووری توێژینەوە:**

بوارەکانی سنووری توێژینەوەکە بریتیە لە:

١-٥-١: بواری مرۆیی: مامۆستایانی پۆلی نۆی بنەڕەتی.

١-٥-٢: بواری بابەتی: هەڵسەنگاندنی پەرتوکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی (٩) ی بنەڕەتی.

١-٥-٣: بواری شوێن: قەزای ناوەندی پارێزگای سلێمانی.

١-٥-٤: بواری کات: ساڵی خوێندنی (٢٠١٧-٢٠١٨).

**١-٦: پێناسەی زاراوەکان:**

**١-٦-١: هەڵسەنگاندن:**

سەرجەم ئەو کرداره ڕێکخراوانەیە، کە لەگەڵ ڕەگەزەکانی پرۆگرام یا بەرنامەکەدا کارلێکدەکەن بۆ دیاریکردنی سوود و کەڵکیان و ئاشکرا کردنی خاڵە بەهێز و لاوازەکان کەتێیاندا هەیە بۆ بەرەوپێشبردنی یاخود یارمەتیدانی ئەوانەی بڕیار دەدەن لەبارەی یەکلاکردنەوەی" (الشبلی، ٢٠٠٠: ١٢١)

کردارێکی ڕێکخراو بۆ کۆکردنەوە وشیکردنەوەی زانیارییەکان دەربـــارەی ئەو پرۆگرامـــانەی کە پەیوەســـتن بە خوێنـــدکار و مامۆســـتاوە و بەڕێـــوەبردن و هۆیەکـــان و چالاکییەکـــان کە ئەو کـۆمەڵەیە یەکەیەکـی کـرداری زانسـت و زانیـاری دروسـت دەکـات ئەویـش بـۆ دڵنیـابوون لە هـاتنەدی ئامانجەکـان و بڕیـاردان بـۆ ئەم پرۆگرامـــانە" (عودە، ٢٠٠٢: ٥٢)

پێناســەی تــوێژەران: کــرداری دەرخســتن و دەستنیشــانکردنی لایەنـی بەهێز و لاوازی پرۆگرامەکانی فێرکردنە ئەمە بێجگە لەوەی بڕیار دەدات لەسەر ئەوەی تاچەند ئامانجەکانی بەدەستهێناوە.

## ١-٦-٢: هەڵسەنگاندنی پرۆگرام:

هەڵســـەنگاندنی پەرتـــوک کـــرداری کـــۆکردنەوەی زانیـــاری و بەڵگەکـانە کە یارمەتیـدەر بێـت بـۆ دیـاریکردنی ئاسـتی کـاریگەری پرۆگـرامەکە، بڕیـاردان لەســەر ئاسـتی بـاش و لاوازی پرۆگـرامەکە بەپێوەرێکی دیاریکراو" (وکیل و مفتی، ١٩٩٨: ١٠).

کــرداری دیــاریکردنی بەهــای پرۆگــرام واتە ئاڕاســتەکردنێکی درووســـت، پەرەســـەندنی لایەنەکـــانی لەپێنـــاو دەســـتەبەرکردنی ئامانجەکان، بەپێی پێوەرێکی دیارکراو" (مرعی و حیلة، ٢٠٠١: ٣٢٥).

پێناسەی توێژەران: بریتیە لەکۆکردنەوەی زانیارییەکان لەسـەر پەرتوکی خوێندنی پۆلی نۆی بنەڕەتی بەپێی پێوەرێکی دیـاریکراو، بەتێڕێـوانینی مامۆسـتایانی بـابەتەکە، بڕیـاردان لەســەر لایەنەکـانی

(هـونەری، ئامانجەکـان، پێشـەکی، نـاوەڕۆک، هۆیەکـانی فێرکـردن، چالاکییەکان، شێوازی هەڵسەنگاندن).

### ١-٦-٣: پەرتوکی خوێندنگە:

بـریتییە لە جێگـرەوەی پرۆگـرام یـان لایەنـی جێبەجێکردنـی پرۆگرامـی پەروەردەیـیە، کە پێکـدێت لە ئامانجەکـانی خوێنـدن و نـاوەڕۆک، چالاکییەکـان، شـێوازەکانی هەڵسـەنگاندن" (حمـدان، ١٩٩٨: ٢٥٠)

نوسراوێکە کەبابەتی وانەی خوێندن لە خۆدەگرێت، پێکهاتووە لە ئامـانج و نـاوەڕۆک و قۆناغەکـانی فێرکـردن و هەڵسـەنگاندن، تـايبەت بە وانەیەک دادەڕێژرێـت بـۆ مـاوەی سـاڵی خوێنـدن" (ئێرتوغرۆڵ ، ٢٠١٧: ٥٣)

پێناسەی توێژەران: بریتییە لە نوسراوێکی باوەڕپێکراوە، لەلایەن وەزارەتـی پەروەردە و فێرکـردن دانـراوە، جێبەجـێ دەکرێـت لەنـاو خوێنـدنگەکان بەمەبەسـتی بەدیهێنـانی ئامانجەکـانی وەزارەتـی پەروەردە.

## بەشی دووەم (چوارچێوەی تیۆری)

مەبەست لە پێشـینەیەکی تیـۆری هەمـوو ئەو بنەمـا و چەمـک و ڕێسـا تیۆرییـانەیە، کە پێشـینەیەکی زانسـتی تیـۆری بـۆ تـوێژینەوەکە پێکدەهێنن، کە هەڵسـەنگاندن و چەمکـی هەڵسـەنگاندن لە خـۆدەگرێ، ئەمە سـەرەڕای باسـکردنی پەرتـوکی خوێنـدنگە و گرنگـی پەرتـوکی خوێندنگە بۆ خوێندکار.

پێشـــینەی تیـــۆری تـــوێژینەوەکە ئەم چەمـــک و زاراوانە دەگرێتەوە کە لەخوارەوە خراونەتەڕوو:

**٢-١: هەڵسەنگاندن:**

پرۆســـەیەکی ڕێکخـــراوە بـــۆ کـــۆکردنەوە و شـــیکارکردنی زانیارییەکان بەمەبەستی نوێکردنەوەی ڕادەی بەدیهاتنی ئامانجەکان و وەرگرتنی بڕیارەکان لەبارەیانەوە لەبواری قوتابخانەشدا دەتوانین بڵێین هەڵسەنگاندن بریتیە لە پرۆسـەیەکی ڕێکخراو بۆ کۆکردنەوەو شیکارکردنی زانیارییەکان لەبارەی ئەو پرۆگرامانەوە کە پەیوەستن بە خوێنـدکار و مامۆسـتا و کـارگێڕی و سـەربارەکان (المرافـق) و ئامرازەکان و ئەو چالاکییانەوە کە پێکەوە یەکەی پرۆسەی فێرکردن پێکدەهێنن ئەوەش بۆ دڵنیابوون لە ڕادەی بەدیهاتنی ئامانجەکان بۆ وەرگرتنـی بڕیارەکـان سـەبارەت بە پرۆگرامەکـان، ئەمە بەئامـانجی چارەسـەرکردنی لایەنە لاوازەکـان و بەهێزکردنـی لایەنەکـانی هێـز و بەدیهاتنی گەشەی تەواو و ڕێکخستنی ژینگەی پەروەردەیی.

لێـرەوە دەگەیـنە ئەو دەرئەنجـامەی کە چەمکـی هەڵســەنگاندن گشـــتگیرتر و هەمەلایەنتـــرە لەچـــاو چەمکـــی پێـــوانەکردن چـــونکە پێـــوانەکردن وەســـفی ڕەفتـــار دەکـــات وەســـفێکی بڕیـــی لەکاتێکـــدا هەڵسەنگاندن وەسفی دەکات وەسفێکی بڕیی و جۆریی و بڕیـاردان بەســـەر بەهـای ڕەفتـــار یـان پرۆگرامەکانـدا لەخۆدەگرێـت هەروەهـا بڕیـــاردان بەســـــەر ئەلتەرناتیڤەکـــانی بڕیارەکـــان کە وەرگیـــراون، هەڵسەنگاندن واتە پێوانەیەکی ڕێکخراو سەرەڕای بڕیارەکان.

بەو پێیەش ئێمە بایەخ بەبواری پەروەردەیی دەدەین ئەوا زانیارییەکان کەوا کۆدەکرێنەوە و شیکاریان بۆ دەکرێت لەبارەی ڕەفتاری خوێندکاران یان پەیوەستن بەوەوە هەروەک چۆن ئەو بڕیارانەی کە وەرگیراون پەیوەستن بە پرۆسەی فێرکاری. (محاسنە و مهیدات، ٢٠٠٨: ٢٢)

هەڵسەنگاندن بەشێکی سەرەکی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنە، هاوکات دادەنرێت بە یەکێک لە پایەکانی پرۆگرام، هەرلەسەرتای دەسپێکردنی پرۆسەی پەروەردە تا گەیشتنە کۆتایی و بەدیهێنانی ئامانجەکان، بەردەوام دەبێت و بەشدارییەکی کارا دەکات لەکۆی گشتێتی پرۆسەی پەروەردە، بۆیە پەروەردکاران بەگرنگییەوە لێیدەڕوانن و باسی لێوەدەکەن. (سیوەیلی، ٢٠١٧: ١٧٢)

هەڵسەنگاندن لە پەروەردەی نوێدا، پێگەیەکی گرنگی هەیە لە کۆی پرۆسەکەدا، فێربوونێکی کارا و چالاک، واتە هەڵسەنگاندنێکی باش. لەبەرئەوەی هەڵسەنگاندن بڕیار لەسەر بەرەوپێشبردنی پرۆسەکەدەدات، ڕادەی بەدیهینانی ئامانجەکان دەخاتەڕوو. هەروەها هەڵسەنگاندن بنەمایەکە بۆ هاریکاریکردن لە دەرکردنی سەرجەم بڕیارە پەروەردەییەکان لەپێناو باشکردن و پێشخستنی پرۆسەکە، دەبێت بەجۆرێک هەڵسەنگاندنی گشتگیری بۆ ئەنجام بدریت، (ماهر اخرون، ٢٠٠٣: ٢٢)

هەڵسەنگاندن پرۆسەیەکی سیستەماتیکیە لەلایەن کەسانی پسپۆرو کارامە پراکتیزە دەکرێت بۆگەیشتن بە ئەنجام و تێگەیشتنێکی دیاریکراو کەپێشتر پلانی بۆدانرابوو، لەڕێگەی

تـاقیکردنەوەی ئەوگریمانـانەی پەیوەنـدییان بە ئاسـتی خوێنـدکارەوە هەیە هەڵدەسنگێنین بۆئەوەی رشـەفتارەکانی دیـاری بکـەیـن و ئاسـتی چەنـدایەتی و چونـایەتی کـارلێکردنی لەگەڵ ژیـنگەی کـۆمەڵایەتی و مەعریفەی سـەردەم و زانیارییەکانی نـاو پرۆگرامـی خوێندن دیاری بکەین. (قادر، ٢٠١٦: ٢٧)

کـرداری هەڵسـەنگاندن لەکۆتـایی سـەدەی نـۆزدا دەرکەوت بەئاڕاستەیەکی نویّ، ئەوەی خستەڕوو کە تاقیکردنەوەکان بەهایەکی ڕاسـتەقینەی نابێـت ئەگەر بەشـێکی تەواوکەر نەبێـت لەپرۆسـەی پەروەردە دەبێـت بە بەرنـامەی جۆراوجـۆر فراوانـی بەکاربێـت لە پرۆسەی هەڵسەنگاندن، تاکو سەرجەم لایەنە جیاوازەکانی پرۆسـەکە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت. چونکە ناتوارێت یەک ئامڕازە هەڵسەنگاندن بۆ ئامانجە پەروەردەییەکان بەکاربێت .(مامڵێسی، ٢٠٠٩: ١٩)

## ٢-٢: چەمکی هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی:

پێناسەی (الجاغوب، ٢٠٠٢) بڕیاردانە لەسـەر ئاسـتی بەدیهێنـانی ئامـانجە پەروەردەییەکـان و چارەسـەری ئەو کاریگەریـانەی کە هەنـدێک هۆکـار دروسـتی دەکەن و دەبنە ئاسـتەنگ بـۆ گەیشـتن بە ئامانجەکان. (الجاغوب، ٢٠٠٢: ٢٢٧)

گرونلانـد: هەڵسـەنگاندن کردەیەکـی ڕێکخـراوە بـۆ دیـاریکردنی ڕادەی ئەو ئامـانجە پەروەردەییـانەی چـاوەڕوان دەکرێـت خوێنـدکار ببیینێت. (قادر، ٢٠١٧: ١٧٣)

## ٢-٣: هەڵسەنگاندنی پەرتوکی خوێندنگە:

لەسیستەمی پەروەردەی زۆربەی وڵاتانی جیهان و ناوچەکە تاکو ئەمڕۆ پرۆگرامی خوێندن بریتییە لە پەرتوکی چاپکراوی خوێندن، کتێبەکان لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆری تایبەت بەبابەتە جۆراوجۆرەکانی خوێندن، بەپێی قۆناغە جیاوازەکان ئامادەکراون، واتە هەر قۆناغە و پەرتوکی تایبەت بەخۆی هەیە، پێویستە ئەم پەرتوکانە بخرێن بواری هەڵسەنگاندنەوە، مەبەستی سەرەکی لە هەڵسەنگاندن دیاریکردنی ئامراز و پێداویستییەکانی پرۆسەی هەڵسەنگاندنی پەرتوکی خوێندنگەیە، بۆئەوەی بەڕوونی بزانرێت تا چ ئاستێک ئامانجی دیاریکراوی پەرتوکی خوێندن بەدیهاتووە. (قادر ٢٠١٦: ٤٠)

کرداری هەڵسەنگاندنی پەرتوکی خوێندن، بەمەبەستی دیاریکردنی کێشەکان و چارەسەرکردنی، واتە لایەنی بەهێزی و لاوازی دیاریدەکات. هەڵەسەنگاندن سوودی زۆرە بۆ پەرەپێدانی پرۆگرام و چاککردنی لەبەر ئەوەی پەرتوکی خوێندن بنەمای سەرەکی فێربوونی خوێندکارانە، ئەوەش دەبێت هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت لەلایەن توێژەرانەوە لەڕووی ئاستی پرۆگرام و گرنگی ناوەڕۆکەکەی، ئامانجەکانی پرۆگرام، هۆیەکانی ڕوون کردنەوە، پرسیارەکان، کوالیتی پەرتوکەکە، ئاستەکانی زانیارییەکان، ڕەچاوکردنی جیاوازی تاکایەتی (عاشور، ٢٠٠٤: ٢٧٩-٢٨٠)

هەڵسەنگاندن بۆ تازەگەری و زانیارییەکانی ناو پەرتوکە بکرێت، چەخت بکرێتەوە لەسەر پەیڕەوکردنی بنەماکانی دانانی پەرتوکی

خوێندنگه لەوانه بنەمای (دەروونی، کۆمەڵایەتی، فەلسەفی، زانیاری، تەکنەلۆژی)، تەواوکاری ئەو کۆمەڵگەیە بێت (الدليمي و الهاشمي، ٢٠٠٤ : ١١٨)

## ٢-٤: چەمکی پەرتوکی خوێندنگە:

پەرتوکی خوێندنگە یەکەیەکی زیندو و گرنگی ناو کۆمەڵگەکانە بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە، پێکهاتەیەکی گرنگە بۆ پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن. چونکە سەرچاوەی سەرەکی زانیارییەکانی خوێندکارانە، سەرچاوەیەکیشە کە مامۆستا پشتی پێببەستێت بۆ وانەوتنەوە.

کۆمەڵگە بەسەرچاوەی ڕەسەن دادەنرێت بۆبنیاتنانی پەرتوکی خوێندنگە ئەویش بەپێی سیستەمی کۆمەڵایەتی وسیاسی ئەو دەوڵەتەی کە کاری پێدەکات، خوێندنگەش بۆخۆی لە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی پێکدێت، دەتوانرێت گۆڕانکاری کۆمەڵگەی لەسەر بنیات بنرێت .(عاشور، ٢٠٠٤ :١٥)

زانستی پرۆگرام زانستێکی تازەیە بەبەشێک لە زانستە مرۆڤایەتییەکان دادەنرێت، لەئێستادا وەک زانستێکی تەواو سەیردەکرێت و یاسا و بنەما و ڕێگا و شێوازی تایبەت بەخۆی هەیە (حويج، ٢٠٠٠: ٥).

پەرتوکی خوێندن لە کۆندا بەشێوازێکی سادە هەبوو زیاتر گرنگی دەدا بەزیادکردنی زانیارییەکانی خوێندکاران لەبەرکردنی زانیارییەکان و گەڕانەوەی زانیارییەکان لەکاتی پێویستدا،

لەبەرئەوەی خوێندکار لەکۆندا وەکو پەڕەیەکی سپی دەبینرا ئەرکی مامۆستا و پەرتوکی خوێندنگە، پڕکردنەوەی ئەم پەڕیەبوو بەزانیارییەکان و گواستنەوەی کلتور و شارستانی پێشوو بۆ خوێندکاران، لەڕێگەی چەندین بابەتی جیاوازی خوێندن، بەپێ ساڵی خوێندن دەدرا بە خوێندکاران، ئاستی چەندێی وەرگرتنی بابەتەکە لەرێگەی تاقیکردنەوەکان پێوانەدەکرا. لایەنەکانی تری خوێندکاران فەرامۆش دەکرا. بەڵام لەگەڵ پەرەسەندنی تەکنەلۆژیاو ئەنجامدانی زۆرێک لە توێژینەوەکان لەبواری پەروەردەو دەروونناسی، دەرکەوت ئەم پرۆگرامە پێداویستی کۆمەڵگە تێرناکات پێویستە گۆڕانکاری لەپەرتوکی خوێندنگەدا بکرێت تاکو لەگەڵ گۆڕانکاری سەردەم و پێشکەوتندا بگونجێت. پێشنیاری باشکرا بۆ گۆڕینی پرۆگرامی خوێندن.(عاشور، ٢٠٠٤: ١٧)

ئەم چەمکە بۆچوونی جیاواز لەخۆدەکرێت ، بۆهۆی ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی لەسەردەمەکاندا ڕوویدا و ئەو گۆڕانکاریانەش بواری پەروەردە و دەروناسی گرتەوە (حویج، ٢٠٠٠: ٥)

ناکۆکی لەسەر دانانی پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ پەرتوکی خوێندنگە، لێکدانەوەی جیاواز هەیە لەسەر ئەم چەمکە.(عاشور، ٢٠٠٤ : ١٨)

هەندێک لە پەروەردەکاران چەمکی پەرتوکی خوێندنگە بەم شێوازە دەناسێنن: کۆمەڵێک زانیاریی داڕێژراوە بەپێی ساڵ و ئاست

و قۆنـــــاغی خوێنـــــدن لە سیســــــتەمی پەروەدە و کـــــۆمەڵگە کاردەکات.(الخوالدە، ٢٠٠٤: ١٢)

ناسـاندنێکی تـری چەمکـی پەرتـوکی خوێنـدنگە، ئـامڕازێکە بـۆ بەدیهینانی ئامانجەکانی خوێندنگە پاریزگاری لە گواستنەوەی کلتور و شارسـتانی دەکـات نەوە بـۆ نەوەی داهـاتوو، ئەویـش لەڕێـگەی کۆمەڵێــک شـــارەزایی پەروەردەیـــی و ڕۆشـــنبیری و کـــۆمەڵایەتی وەرزشـی و هـونەری کە جێبەجێدەکرێت لەنـاو خوێنـدنگەو درەوەی خوێنــدنگە بــۆ گەشـــەپێدانی تەواوی لایەنەکـــانی خوێنـــدکار، یـــان ســـەرجەم شـــارەزاییەکانە کە گەلاڵەدەکرێـــت لەقوتابخانەکـــان بـــۆ گەشەپێدانی تواناکانی خوێندکاران یان سـەرجەم جۆرەکـانی چالاکی کە خوێندکار ئەنجامی دەدات بەسەرپەرشتی خوێندنگەکان.(عاشـور، ٢٠٠٤: ١٥-١٦)

بەشـێکی تـر لە پەروەردکـاران دەڵـێن پەرتـوکی خوێنـدنگە، بە بڕبڕەی کرداری پەروەردە دادەنرێت لە ڕێگەی کۆمەڵێک شـارەزایی بەفێرکردنی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، بەمەبەستی ئامادەکردنی تاکەکـــانی کـــۆمەڵگە بـــۆ مەبەســـتی گونجانـــدنی لەگەڵ ژیـــنگەی کۆمەڵایەتی (حویج، ٢٠٠٠ : ٥)

**٢-٥: گرنگی پەرتوکی خوێندنگە:**

پەرتـوکی خوێنـدنگە سـەرچاوەیەکی سـەرەکییە، کە خوێنـدکار زانیـاریی لێوەردەگرێت زیـاتر لە هەرسـەرچاوەیەکی دیـکە، هەروەهـا مامۆستاش لە ئامادەکردنی وانەکانی پێش جێبەجێکردنی لەنـاو پۆلـدا پشـتی پێدەبەسـتێت، ئەمـانەش گرنگـی زیـاتر بە پەرتـوکی خوێنـدنگە

دەبەخشێت کە نکوڵی لێناکرێت، هەروەها لە وتنەوەی هەر بابەتێکی خوێندندا ئەم کتێبانە تەنها سەرچاوەی سەرەکین، ئەم گرنگییەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەمانەی لای خوارەوە:

٢-٥-١: پارێزگاری لە کلتور و شارستانی کۆمەڵگە دەکات، بەگواستنەوەی نەوە بۆ نەوەکانی تر.(الكبيسي، ٢٠٠٧: ٨٣)

٢-٥-٢: هەلی یەکسان دەڕەخسێنێت بۆ خوێندکاران لەپێشکەشکردنی زانیارییەکان و ڕاستییەکان کە ئامانجی دیاریکراو لە ڕەفتاریاندا بەدیدەهێنێت، هەروەها چارەنووسێکی هاوبەشە پێویستە هەموو خوێندکارەکان بە جیاوازی ئاستەکانیانەوە ئاشنای ببن.

٢-٥-٣: بواری ئەوە دەڕەخسێنێت لەبەرامبەر مامۆستادا چەندین ڕێگە لە وانەوتنەوە بەکاربهێنێت بەتایبەتی ئەوانەی کە پێویستی بەبوونی پەرتوکی خوێندنگە هەیە لە دەستی خوێندکارەکاندا، کاتێک مامۆستا ئەرکی ماڵەوە لە خوێندکارەکان داوادەکات.

٢-٥-٤: سەرچاوەی زانستی سەرەکییە بۆ خوێندکار، هەروەها خاڵی دەستپێکە بۆیان لە لێکۆڵینەوە و شارەزابوون و بیرکردنەوەی ڕێکخراودا، لە زۆر وڵاتاندا بۆ مامۆستاش سەرچاوەی زانیارییە.

٢-٥-٥: هۆیە جۆربەجۆرەکانی فێرکردن لەخۆدەگرێت، لە وێنە و نەخشەی هەمەڕەنگ و شێوەکانی ڕوونکردنەوە و ئامارەکان، ئەمانەش بەو ڕۆڵەی دەیبینن پرۆسەی فێرکردن دەوڵەمەند دەکەن.

٢-٥-٦: بەشداریی دەکات لە گواستنەوەی ڕۆشنبیری و ڕووناکبیری کۆمەڵگە بۆ خوێندکاران لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، هەروەک چۆن کار لەسەر پاریزگاریکردن و پاککردنەوەی کەلەپووری ڕۆشنبیریی دەکات.

٢-٥-٧: پەرتوکی خوێندنگە بەرهەمی پسپۆڕانێکە کە بەهایەکی زانستییان هەیە و تواناکانیان دەرکەوتووە لە نێو سەرقاڵانی پرۆسەی پەروەردەیی دا.(مامڵێسی، ٢٠٠٩: ٢٧-٢٨) (مجاور و الديب، ١٩٧٧: ١٥٣)

## ٢-٦: توێژینەوەکانی پێشوو:

توێژەران ئەو توێژینەوانەی بەردەستیان کەوتووە، لە توێژینەوەکانی پێشوو نزیک لە بابەتی توێژینەوەکەیان بەشێوەی خشتەیەک لە خوارەوە خراوەتەڕوو:

| ناونیشانی توێژینەوە | ناوی توێژەر و وڵات و ساڵی ئەنجامدانی | ئامانجی توێژینەوەکە | نمونەی توێژینەوەکە | ئامرازی بەکارهێنراو | ئامرازە ئامارییەکان | ئەنجامەکانی توێژینەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١.هەڵسەنگاندنی پەرتوکی زانست بۆ هەردوو پۆلی یەک و دووی سەرەتایی لە تێڕوانینی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانەوە | عەگێلی: ١٩٩٠، عێراق | هەڵسەنگاندنی پەرتوکی زانست بۆ هەردوو پۆلی یەک و دووی سەرەتایی لە تێڕوانینی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانەوە | ٣٠٠ مامۆستاو ٥٠ سەرپەرشتیار | فۆرمی ڕاپرسی | ناوەندی شیاو و کێشی سەدی | پەرتوکەکە گشت ئامانجە دیاری کراوەکانی بەدیهێناوە کە لە پێناویدا دانراوە، ڕەچاوی جیاوازی تاکایەتی کردووە و بواری چالاکی جۆراوجۆر و گشتگیری تێدایە. تەنها پەرتوکی پۆلی دوو لاواز بوو لە ڕووی گونجاوی قەبارەی پەرتوکەکە. |
| ٢. هەڵسەنگاندنی پەرتوکی مێژووی پۆلی نۆی بنەڕەتی لە تێڕوانینی مامۆستایانەوە. | ئالعەزاوی: ١٩٩٥، ئوردن | دەرخستنی لایەنە بەهێز و لاوازەکانی لە تێڕوانینی مامۆستایانەوە | ١٠٠ مامۆستا | فۆرمی ڕاپرسی | ڕێژەی سەدی | مەرجەکانی پەرتوکی زانستی تێدا فەراهەمکراوە، لەگەڵ بوونی جیاوازی ئاماری واتادار لە نێوان مامۆستایانی (پیاو، ژن) |
| ٣.هەڵسەنگاندنی پەرتوکی خوێندنی بنەڕەتی (١ ٤) لە ڕوانگەی سەرپەرشتیارانی پەروەردەییەوە بۆ پرۆگرامەکانی خوێندن. | خەلیفە: ٢٠٠٧، فەلەستین | دەرخستنی باشی و خراپی پەرتوکی خوێندن لە پۆلی (! ٤) بنەڕەتی لە ڕوانگەی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی | ٥٣ سەرپەرشتیاری پەروەردەیی | فۆرمی ڕاپرسی ئامادەکراو | ناوەندی شیاو و کێشی سەدی | ئەنجامی توێژینەوەکە دەرکەوت کەم و کورتی هەیە و پێویستە دووبارە چاو بە پەرتوکەکاندا بخشێنرێتەوە و ڕێک بخرێنەوە |
| ٤. هەڵسەنگاندنی پەرتوکی ڕێزمانی عەرەبی بۆ پۆلی یەکی ناوەندی بە پێی پێوەرێکی گشتگیر لە ڕوانگەی مامۆستایانی زمانی عەرەبی. | اللبان: ٢٠١٦، عێراق | هەڵسەنگاندنی پەرتوکی ڕێزمانی عەرەبی بۆ پۆلی یەکی ناوەندی بە پێی پێوەرێکی گشتگیر لە ڕوانگەی مامۆستایانی زمانی عەرەبی | ١٢٧ مامۆستا | فۆرمی ڕاپرسی | ناوەندی شیاو و ڕێژەی سەدی | ئەنجامی توێژینەوەکە دەرکەوت پێویستە چاکسازی بکرێت لە دەرهێنانی هونەری پەرتوکەکە و بۆچوونی مامۆستایان گرنگە بە هەند وەربگیرێت لە پێناو بەرەو باشتر کردنی پەرتوکەکە و بەشدار بن لە لیژنەکانی دانان و پەرەپێدانی پرۆگرام |

**٢-٧: بەراوردکردنی توێژینەوەکانی پێشوو:**

توێژەران لەبەر ڕۆشنایی توێژینەوەکانی پێشوو ئەم خاڵانەی خوارەوەیان بۆ دەرکەوت:

٢-٧-١: سەرجەمی توێژینەوەکان شێوازی پرۆگرامی وەسفیان (المنهج الوصفی) بەکارهێناوە وەک ئەم توێژینەوەیەی ئێستا.

٢-٧-٢: جیاوازی هەبوو لە ئامانجی توێژینەوەکانی پێشوو کە هەندێکیان ئامانجیان تەنها دەرخستنی لایەنی بەهێز و لاوازی توێژینەوەکان بوو وەک توێژینەوەکانی (عەگێلی ١٩٩٠، غەزاوی ١٩٩٥، خەلیفە ٢٠٠٧) ، هەندێکی تریان ئامانجیان دیاری کردنی ئاستی پەرتوکەکە بوو وەک توێژینەوەی (اللبان ٢٠١٦)

٢-٧-٣: توێژەران لە توێژینەوەکانیان بابەتی جیاوازیان باسکردووە، توێژینەوەی (عەگێلی ١٩٩٠) پەرتوکی زانستی پۆلی یەک و دووی سەرەتایی وەرگرتووە. بەڵام توێژینەوەی (ئەلغەزاوی ١٩٩٥) پەرتوکی مێژووی پۆلی نۆی بنەڕەتی وەرگرتوو، توێژینەوەی (عەلی خەلیفە ٢٠٠٧) پەرتووکی (١-٤) بنەڕەتی بەگشتی وەرگرتووە، توێژینەوەی (اللبان ٢٠١٦) پەرتوکی زمانی عەرەبی پۆلی یەکی ناوەندی.

٢-٧-٤: سەرجەم توێژینەوەکان فۆرمی ڕاپرسیان بەکارهێناوە وەک ئامرزاێک بۆ کۆکۆدنەوەی داتا و زانیارییەکانیان.

٢-٧-٥: ئەنجامی توێژینەوەکان جیاواز بوون، هەندێکیان پێیان وایە پەرتوکەکان مەرجە زانستی و پەروەردەییەکانی تێدایە و

ئامانجەکـــانی تێـــدا بەدیهێنـــراوە وەک (عەگێلـــی ١٩٩٠) ، (غەزاوی ١٩٩٥). بەڵام ئەنجامی هەندێک لە توێژینەوەکان ڕایان وایە کە هێشتا پێویستی زیاتری بە پێداچوونەوە و ڕێکخستنەوەی پەرتوکەکان هەیە وەک (عەلی خەلیفە ٢٠٠٧) ، (اللبان ٢٠١٦).

٢-٧-٦: جیـاوازی هەبـوو لە ئـامرازی ئامـاری بەکـارهێنراو لە توێژینەوەکـان هەنـدێکیان تەنهـا ڕێـژەی سـەدیان بەکارهێنـاوە وەک (ئەلغەزاوی ١٩٩٥)، هەندێکی تریش ناوەندی شیاو و کێشی سەدییان بەکارهێناوە وەک (اللبان ٢٠١٦)..

٢-٧-٧: جیـاوازی هەبـوو لە نێـوان نمـوونەی توێژینەوەکـان لە ڕووی ژمـارەی نموونەکـانەوە وەک تـوێژینەوەی (عەگێلـی ١٩٩٠) بریتی بوون لە (٣٠٠) مامۆستا و (٥٠) سەرپەرشتیار، توێژینەوەی (ئەلغەزاوی ١٩٩٥) بریتی بوو لە (١٠٠) مامۆستا، توێژینەوەی (عەلی خەلـیفە ٢٠٠٧) بریتـی بـوو لە (٥٣) سەرپەرشـتیاری پەروەردەیـی، تـــوێژینەوەی (اللبـــان ٢٠١٦) بریتـــی بـــوو لە (١٣٧) ماۆســـتاو سەرپەرشتیار.

## بەشی سێیەم (هەنگاوەکانی توێژینەوە)

ئەم بەشـە ڕێوشـوێنی تـوێژینەوەکە لەخـۆ دەگرێت بەمەبەسـتی هێنـانەدی ئامانجەکـانی تـوێژینەوەکە، کە مەبەسـت لێـی دیـاریکردنی پرۆگرامـــی بەکـــارهێنراوی تـــوێژینەوەکە و کـــۆمەڵگە و نمـــوونەی وەرگیـراو بـۆ تـوێژینەوەکە و چـۆنیەتی ئامـادەکردنی ئـامرازەکە و دەرهێنـانی ڕاسـتی و نەگـۆڕی ئـامرازەکە، هەروەهـا دیـاریکردنی

ئامرازەکـانی ئامـارکردن کە لە تـوێژینەوەکەدا بەکـارهێنراون، بەم شێوەیەی خوارەوە:

## ٣-١: پرۆگرامی توێژینەوە:

تـوێژەران پرۆگرامـی وەسـفیی چەنـدێتیان بەکارهێنـا بـۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە، بەو پێیەی پرۆگرامێکە دەگونجێت بۆ سروشتی توێژینەوەکە.

## ٣-٢: کۆمەڵگەی توێژینەوە:

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکدێت لە سەرجەم مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکـانی پـۆلی (٩) ی بنەڕەتـی لە بەڕێـوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەندی سلێمانی، پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا، کە ژمارەیـان دەگـاتە (١٥٥) مامۆسـتا (٦٠) لە ڕەگەزی نێـر (٩٥) لە ڕەگەزی مێ، بە پێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٧ – ٢٠١٨). خشتەی (٣-١)

خشتەی (٣-١)

دابەشـکردنی کـۆمەڵگەی تـوێژینەوەکە بە پێـی خوێنـدنگە و ژمارەی مامۆستایان ڕووندەکاتەوە:

| کۆمەڵگە | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| مامۆستای نێر | ٦٠ | %٣٩ |
| مامۆستای مێ | ٩٥ | %٦١ |
| کۆی گشتی | ١٥٥ | %١٠٠ |

### ٣-٣: نموونەی توێژینەوە:

بە لەبەرچـــاوگرتنی تێکـــڕای ژمـــارەی مامۆســـتایانی بـــابەتە کۆمەڵایەتییەکـان لە سـنووری تـوێژینەوەکە، تـوێژەران هەوڵیانـداوە زۆرترین ژمارە وەربگرن بۆ ئەم مەبەستە هەستاوە بە هەڵبژاردنی نموونە لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بەشێوەی هەڕەمەکی مەبەستدار ( **sampling perpusive**) هەرچی نمـوونەی سـەرەکی تـوێژینەوەکەیە لە مامۆستایان دەگاتە (١٠٠) مامۆستا بەڕێژەی (٦٦%) لە کۆمەڵگەی گشتی تـوێژینەوەکە، (٣٨) مامۆسـتا لە ڕەگەزی نێر و (٦٢) مامۆسـتا لە ڕەگەزی مـــێ واتـــا (٣٨%) لە مامۆســـتای پیـــاو و (٦٢%) لە مامۆســـتای ژن، (٢٨) مامۆســـتا خـــاوەنی بڕوانـــامەی دبلـــۆم، (٥٢) مامۆستا خاوەنی بەکالۆریۆس و (٢٠) مامۆسـتا خـاوەنی بڕوانـامەی بەکالۆریۆس و دبلۆم. بڕوانە خشتەی (٣-٢)

خشتەی (٣-٢)

نمـــوونەی تـــوێژینەوەکە بە پێـــی ڕەگەزوبڕوانـــامەی زانســـتی و ساڵانی خزمەتی مامۆستایان دەخاتە ڕوو:

| ژمارە و ڕێژەی سەدی | | ئاستەکان | گۆڕاو |
|---|---|---|---|
| ڕێژەی سەدی | ژمارە | | |
| %٣٨ | ٣٨ | نێر | ڕەگەز |
| %٦٢ | ٦٢ | مێ | |
| %١٠٠ | ١٠٠ | کۆی گشتی | |
| %٢٨ | ٢٨ | دبلۆم | بڕوانامە |
| %٥٢ | ٥٢ | بەکالۆریۆس | |
| %٢٠ | ٢٠ | بەکالۆریۆس و دبلۆم | |
| %١٠٠ | ١٠٠ | کۆی گشتی | |
| %١٥ | ١٥ | لە ١ – ٥ ساڵ | ساڵای خزمەت |
| %٣٤ | ٣٤ | لە ٦ – ١٠ ساڵ | |
| %٥١ | ٥١ | ١١ بەرەو سەر | |
| %١٠٠ | ١٠٠ | کۆی گشتی | |

### ٣-٤: ئامرازی توێژینەوە:

پاش وەرگرتنی ڕای شارەزایان، توێژەران وایان دەبینی فۆڕمی ڕاوەرگرتن ئامرازێکی گونجاوە بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکانی لێکۆڵینەوەکەی."فۆڕمی ڕاوەرگری لەو ئامرازانەیە کە لە توێژینەوەی وەسفکاریدا زۆر بەکاردەهێنرێت، وەک لە توێژینەوە پەروەردەیی و دەروونییەکاندا" (کشرود، ٢٠٠٧، ١٩٩)

هەروەها توێژەران لە پێناو گەشەپێدان و فراوانکردنی ئامرازەکەیان هەستان بە گەڕان بە ناو سەرچاوەکان و توێژینەوەکانی پێشوو نزیک لە بابەتی توێژنەوەکەیان پشتیان بەست بە توێژینەوەکانی (مامڵێسی، ٢٠٠٩)، (الخوالدە، ٢٠٠٦)، (الموسی،

١٩٩٨) هەروەهـا سـوودیان بینـی لە پەرتـوکی بـابەتی کـۆمەڵایەتی، دوای ئەوەی ئامرازێکی داخراویان ئامادەکرد دابەشیان کرد بەسـەر هەشـت بـواری جیـاوازدا، لە (٨٧) بـڕگە پێکهـاتبوو بـۆ هـەر بـڕگەیەک پـلەیەک دانــرا بە پێـی پێـوەری (لــیکەرت)، **Five-Likert-Sacle**، (نایاب، زۆرباش، باش، پەسـەند، لاواز)، هاوشـانی ژمارەکانی(٥، ٤، ٣، ٢، ١) خشـــتەی (٣-٣) بـــوار و ژمـــارەی بڕگەکـــانی پێـــوەرەکە ڕووندەکاتەوە:

خشتەی (٣-٣)

بوارەکانی هەڵسەنگاندنی پەرتوکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی (٩) بنەڕەتی بەپێی ژمارەی بڕگەکان

| ژمارەی تەوەرەکان | ناوی بوارەکە | بڕگەکان |
|---|---|---|
| یەکەم | هونەری | ١ ٩ |
| دووەم | ئامانجەکان | ١ ١١ |
| سێیەم | پێشەکی | ١ ٧ |
| چوارەم | ناوەڕۆک | ١ ١٩ |
| پێنجەم | هۆیەکانی فێرکردن | ١ ٧ |
| شەشەم | چالاکی | ١ ١٣ |
| حەوتەم | زانەوانی | ١ ٩ |
| هەشتەم | هەڵسەنگاندنی پرسیاری کۆتایی | ١ ١٢ |

توێژەران بە مەبەستی زانینی ڕادەی شیاوی و زانستیی بوونی پێوەرەکەیان ڕاستی و نەگۆڕییان بۆ دەرهێنا بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

### ٣-٤-١: ڕاستی و دروستی (الصدق):Validity

ڕاستی دادەنرێت بەمەرجێکی پێویست کە دەبێت بەرجەستەکرابێت لەو ئامرازەدا کە توێژینەوەکە پشتی پێدەبەستێت، ڕاستی لەسەر دوو هۆکاری گرنگ ڕاوەستاوە ئەوانیش مەبەست لەوکارەی ئامرازەکە پێی هەڵدەستێت، هەروەها ئەو گرووپ و کۆمەڵەی کە ئامرازەکەی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت.(ابولبدە، ١٩٧٩: ٢٣٥)، ڕاستی ئامراز واتە توانای پێوانەکردنی ئەوەی هەبێت کە لە پێناویدا دانراوە یاخود ئەو دیاردەیەی دەمانەوێت پێوانەی بکەین. (الروسان، ١٩٩٩: ٣١)

بۆ هێنانەدی ڕاستی ئامرازەکەش، توێژەران ئامرازەکەیان خستە بەردەستی ژمارەیەک لە شارەزایان و پسپۆڕانی بواری پەروەردە و دەروونزانی و پێوانە و هەڵسەنگاندن و ڕێگای وانەوتنەوە، کە ژمارەیان (٩) کەس بوو بۆ بۆ دەربڕینی ڕاوبۆچوون و تێبینییەکانیان لەسەر ئەوەی تاچەند بڕگەکانی بەوردی دارێژراون و ڕوونن و شیاون بۆ بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە، ئەوانیش بە کۆی دەنگی هەڵسەنگێنەران دوای گۆڕینی هەندێک وشە و چاککردنی هەندێک بڕگە لەڕووی زمانەوانییەوە بە ڕێژەی (٨٥%) بڕگەکانیان پەسەند کرد "کاتێک ڕێژەی کۆدەنگی پسپۆڕان ( ٧٥% ) یا زیاتربێت ئەوا

پەسەند دەکرێت لەلایەنی ڕاستی ڕووالەتییەوە (الصدق الضاهری)" (الزوبعی، ١٩٨١: ٤٤)

## ٣-٤-٢: نەگۆڕی (الثبات): Reliability

یەکێک لە مەرجەکانی هەر ئامرازێکی زانستی ئەوەیە کە پێویستە نەگۆڕبێت، مەبەست لە نەگۆڕی ئەوەیە کە هاوشێوە بوون هەبێت لە وەڵامەکاندا کاتێک دووبارە ئامرازە کە بەنزیکەی بەسەر هەمان کەس و لەهەمان بارودۆخدا جێبەجێبکرێتەوە. (مجاور، ١٩٧٧ ٥٠٥:)

بۆ دەرهێنانی نەگۆڕی شێوازی دووبارە جێبەجێکردنەوەی ئامرازەکە( **Test-Re-test**) بەکارهێنراوە، بەم شێوەیە ئامرازەکە جێبەجێکرا بەسەر نموونەیەکدا کەپێکهاتبوو لە (١٠) مامۆستا لە دەرەوەی سنووری کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بوون، جیاوازی کات لە نێوان جێبەجێکردنی یەکەمی ئامرازەکەو دووبارە جێبەجێکردنەوەی بۆ جاری دووەم دووهەفتە بوو، لەبەرئەوەی پێویستە ئەم ماوەیە لە( دوو) یان( سێ هەفتە) زیاتر نەبێت، بۆئەوەی کەسە بەشداربووەکانی هەندێک لەوەڵامەکانیان لەبیرنەچێت، هەروەها هەمان وەڵام لەجێبەجێکردنی دووەمدا بدەنەوە.(الزوبعی، ١٩٨١: ٢٤)

بۆ ژماردنی هاوکۆلکەی نەگۆڕ (معامل الثبات)ی ئامرازەکە، توێژەر (هاوکێشەی پێرسۆن) ( **Pearson Correlation Coefficient**)ی بەکارهێناوە لەبەرئەوەی بەبڵاوترین ئامراز لەم بوارەدا دادەنرێت. بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی لەنێوان تێکڕای نمرەکانی جێبەجێکردنی یەکەم و نمرەی دووەمدا کە (٠،٨٢)یە، ئەمەش

ڕێژەیەکـی شـیاو و پەسـەندە، ئەگەر بەراورد بکرێـت بە پێـوەرە گشـتییەکانی هەڵسـەنگاندنی هـاوکۆلکەی پەیوەنـدی و ئامـاژەکراوە بەوەی "ئەگەر هاوکۆلکەی پەیوەندی بەهاکەی لەنێوان (٠,٥٠-٠,٧٥) بە بەهێـزە، و زیـاتر لە (٠,٧٥) بە زۆربەهێـز دادەنرێـت"(البیـاتی و زکریا، ١٩٧٧: ١٩٤). خشتەی (٣-٤)

خشتەی (٣-٤)

نرخی جێگیری بڕگەکانی ئامرازی توێژینەوەکە بە پێی بوارەکان ڕووندەکاتەوە:

| ناوی بوارەکان | نرخی جێگیری |
|---|---|
| هونەری | ٠,٨٦ |
| ئامانجەکان | ٠,٧٨ |
| پێشەکی | ٠,٨١ |
| ناوەڕۆک | ٠,٧٨ |
| هۆیەکانی فێرکردن | ٠,٨١ |
| چالاکی | ٠,٨٥ |
| زانەوانی | ٠,٩١ |
| هەڵسەنگاندنی پرسیاری کۆتایی | ٠,٨١ |
| نرخی گشتی جێگیری ئامرازەکە | ٠,٨٢ |

### ٣-٥: جێبە جێکردنی ئامرازەکە:

پــاش دڵنیــابوون لە ڕاســتی و نەگــۆڕی ئــامرازەکە و ڕوونــی بڕگەکــانی ئینجــا، تــوێژەران ئــامرازی توێژینەوەکەیــان دابەشــکرد بەســەر نمــوونەی ســەرەکی تــوێژینەوەکە، لە مامۆســتایانی بــابەتی کــۆمەڵایەتی پــۆلی (٩) ی بــنەڕەت، کە خــۆی دەنوانــد لە فــۆڕمێکی ڕاوەرگــری لەمــاوەی نێــوان ١٥/ ٥/ ٢٠١٨ بــۆ ٢٠١٨/٥/٢٧. ئەمەش کــاتێکی گونجــاوە بۆ ئەنجامــدانی هەڵســەنگاندن، لەبەرئەوەی وەرزی خوێنــدن کۆتــایی هــاتووە و مامۆســتایان دەتــوانن بۆچوونەکانیــان بە ڕاســــتگۆیانە بــــــخەنەڕوو، لە پـــــاش ئەوەی کـــــاتی تەواو درا بەمامۆستایانی بەشداربووی توێژینەوەکە، دەستکرا بە کۆکردنەوەی فۆڕمەکان، سەرەڕای هەوڵەکانی توێژەران (٥) فۆڕم نەگەڕێنرایەوە، ئینجا وەڵامەکان خاڵیکرانەوە لە فۆڕمی تایبەتدا کە بۆ ئەو مەبەستە ئامادەکرابوون.

### ٣-٦: هاوکێشە ئاماریەکان:

ئەم ئامرازە ئامارییانە بەکارهێنراوە لەتوێژینەوەکەدا.

**٣-٦-١: هاوکێشـــــەی پێرســـــۆن ( Pearson correlation coefficient)** بـــۆ دەرهێنـــانی ڕێـــژەی نەگـــۆڕی ئـــامرازەکە بەم شێوەیەی خوارەوە:

$$\text{ر} = \frac{\text{ن مج س ص} - \text{مج س} \times \text{مج ص}}{\sqrt{[\text{ن مج س}^{2} - (\text{مج س})^{2}]\ [\text{ن مج ص}^{2} - (\text{مج ص})^{2}]}}$$

(الجادری، ٢٠٠٧: ٢٨٨)

**٣-٦-٢: ناوەندی شیاو (الوسط المرجح):**

بۆ باسکردنی هەر بڕگەیەک لە بڕگەکانی ئامرازی توێژینەوەکە و زانینی بەهاکەی لە چوارچێوەی هەر بوارێکدا، هەروەها بۆ مەبەستی ڕاڤەکردنی ئەنجامەکان، ئەم یاسایە بەکارهێنراوە:

ناوەندی شیاو= (ت١×٥)+(ت٢×٤)+(ت٣×٣)+(ت٤×٢)+(ت٥×١)

مج ت

(صبری، ٢٠٠٦: ١٠٦)

**٣-٦-٣: کێشی سەدی:** بۆ ڕاڤەکردنی ناوەندی شیاو و بڕگەکان. (هیکل، ١٩٩٥: ل ٩٨)

کێشی سەدی= ناوەندی شیاو

٥

## بەشی چوارەم (ئەنجامی توێژینەوە)

### ٤-١: خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامی توێژینەوەکە:

ئەم بەشە، خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەو ئەنجامانەیە کە توێژینەوەکە پێیگەیشتووە دەربارەی هەڵسەنگاندنی پەرتوکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی (نۆیەم) ی بنەڕەتی لە تێڕوانینی مامۆستایانەوە لەبەر ڕۆشنایی ئامانجی توێژینەوەکە ڕاڤەکراوە، بۆ ئەو مەبەستەش توێژەران لە کاتی شیکردنەوەکەیاندا ئەم هەنگاوانەی پەیڕەوکردووە، بەم شێوەیە:

٤-١-١: بۆ دەرهێنانی نرخی ناوەندی شیاوی بڕگەکان، توێژەران وەڵامە دووبارەکانی هەر بڕگەیەکیان لەبڕگەکانی فۆرمی ڕاپرسەکەیان، بەپێی ڕەهەندە دانراوەکان (نایاب)(زۆر باش)(باش)(پەسەند)(لاواز) ژماردووە، بۆ ئەژمارکردنی ئەم نرخانەش (پێنج)نمرە دراوە بە ڕەهەندی یەکەم و (چوار) نمرە دراوە بە ڕەهەندی دووەم و (سێ) نمرە دراوە بە ڕەهەندی سێیەم و (دوو) نمرە دراوە بە ڕەهەندی چوارەم و (یەک) نمرە بە ڕەهەندی پێنجەم (٥، ٤، ٣، ٢، ١).

٤-١-٢: ناوەندی ژمێرەیی پێوەرە پێنج ڕەهەندییەکە دادەنرێت بە (٣)، کە پێوەرێکە بۆ جیاکردنەوەی لایەنی بەهێز و لاوازی بڕگەکان، هەر بڕگەیەک ناوەندی شیاوەکەی (٣) یا بەرزتر بوو ئەوا واتا لایەنی بەهێزی تەوەرەکانی ئامرازەکە دەنوێنێت، ئەگەر لە (٣) کەمتر بوو، واتا لایەنی لاوازی ئاستی تەوەرەکان دەنوێنێت.

٤-١-٣: تویژەران پێیان باشبوو تەنها بڕگە لاوازەکان شیبکرێنەوە، هاوکات لەبەر زۆری گۆڕاوەکان و زۆری خشتەی ناوەندەکانی شیاو و کێشی سەدییەکانیان، زۆرینەی بڕگە لاوازەکان پێکەوە شیکراونەتەوە.

**تەوەری یەکەم/ هونەری:**

ئەم تەوەرە (٩) بڕگەی لەخۆگرتووە، کەئەنجامی بۆچوونی هەڵسەنگێنەرانەی مامۆستایان لەسەر بڕگەکانی ئەم تەوەرە نیشاندەدات، کە تایبەتە بە کاری هونەری پەرتوکی کۆمەڵایەتی پۆلی (نۆیەم)، وەک لەخشتەی (٤-١) خراوەتەڕوو:

خشتەی (٤-١)

ناوەندی شیاو و کێشی سەدی تێڕوانینی مامۆستایان لەسەر هونەری دەرهێنانی پەرتوکەکە ڕووندەکاتەوە:

| پلە | ژ. برگە | برگە | ناوەندی شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ٨ | ژمارەی ڕستەکان گونجاوە بۆ هەر پەڕەیک؟ | ٣,٧٠ | %٧٤ |
| ٢ | ٤ | قەبارەی نوسینەکان لەبارە بۆ خوێندنەوە؟ | ٣,٥٠ | %٧٠ |
| ٣ | ٧ | قەبارەی پەرتوکەکە گونجاوە بۆ خوێندکار؟ | ٣,٣٦ | %٦٧ |
| ٤ | ٢ | بەرگی پەرتوکەکە سەرنج ڕاکێشە؟ | ٣,٢٠ | %٦٤ |
| ٥ | ١ | بەرگی پەرتوکەکە پتەوە؟ | ٢,٩٠ | %٥٨ |
| | ٦ | ناونیشانی سەرەکی و لاوەکی بە شێوەی گونجاو ڕیکخراون؟ | ٢,٩٠ | %٥٨ |
| ٦ | ٣ | ڕەنگ و جۆری پەڕەکان گونجاوە؟ | ٢,٨٠ | %٥٦ |
| ٧ | ٥ | پەرتوکەکە لە هەڵەی چاپ خاوێنە؟ | ٢,٧٢ | %٥٤ |
| ٨ | ٩ | ڕێکخستنی پەرتوکەکە وا لە خوێندکار دەکات بە تەماشاکردنی هەست بە ئاسودەیی بکات؟ | ٢,٤٠ | %٤٨ |
| تێکڕا | | | ٣,٤٣ | %٦٢ |

بەپێی زانیارییە ئامارییەکان کە لە خشتەی (٤-١) تایبەت بەتەوەرەی (هونەری) بۆ پەرتوکی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی، بە تێڕوانینی مامۆستایانی تایبەت بە بابەتەکە کە (٩) برگە لەخۆدەگرێت، (٥) لە برگەکان ناوەندی شیاویان لەخوار ناوەندە ژمێری (٣) وەیە وەک برگەکانی (١، ٣، ٥، ٦، ٩) کە ناوەندی شیاویان لەنێوان (٢،٩٠ – ٢،٤٠) و کێشی سەدییان لەنێوان (%٥٨ –

٤٨%)، واتە ئەم بڕگــانە پەســەند نەکــراون لەلایەن مامۆســتایانی بابەتەکەوە، پێیان وایە پێویستە پەرتوکی خوێندن تۆکمە و پتەوبێت بەرگەی ساڵی خوێندن بگرێت، ڕەنگ و جۆری پەڕەکان پێویستییان بە باشـترکردن هەیە، ڕەنگـی نوسـینەکان بەشـێوەیەک بێـت کـار لە بینینــی خوێنــدکاران نەکــات، پەرتــوکەکە هەنــدێک هەڵەی تایــپ و چــاپکردنی تێـدایە، پێویسـتی بە پێـداچوونەوە هەیە پـاک بکـرێتەوە، هەروەها ناونیشانەکان ڕێکبخرێت، ناونیشانی سەرەکی لە ناونیشانی لاوەکی بەپێی ئامانجەکـان جیـا بکـرێتەوە، هەروەهـا (٤) لە بڕگەکـان لەســەر و (٣) وەیە پەســەند کـراوە لەلایەن مامۆسـتایانی بـابەتەکە، ئەوانــیش ناوەنــدی شــیاویان لە نێــوان (٣،٧٠ – ٣،٢٠) و کێشـــی سەدییان لەنێوان (٧٤% - ٦٤%) وەک بڕگەکانی(٢، ٤، ٧، ٨).

**تەوەری دووەم/ ئامانجەکان:**

ئەم تەوەرەیە (١١) بــڕگەی لەخۆگرتــووە، کە تێیــدا ئەنجــامی بۆچــوونی هەڵســەنگێنەرانەی مامۆســتایان لەســەر بڕگەکــانی ئەم تەوەرەیە پیشـاندەدات بـۆ پەرتـوکی بـابەتە کۆمەڵایەتییەکـانی پـۆلی (نۆیەمی) بنەڕەتی لە خشتەی (٤-٢) خراوەتەڕوو:

خشتەی (٤-٢)

ناوەندی شیاو و کێشی سەدی تێڕوانینی مامۆستایان لەسەر ئامانجەکانی پەرتووکەکە ڕووندەکاتەوە:

| پلە | ژ. بڕگە | بڕگە | ناوەندی شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ٧ | بۆچونە زانستیەکان لای خوێندکار بەرجەستە دەکات؟ | ٢،٨٦ | %٥٧ |
| ٢ | ٩ | خوێندکاریکی ڕۆشنبیر ئامادەدەکات ئاشنا بێت بە مێژوو و جوگرافیاو بەها کومەڵایەتیەکانی نەتەوەکەی؟ | ٢،٨٠ | %٥٦ |
| ٣ | ٣ | گونجاوە بۆ سەردەمەکەی؟ | ٢،٧٦ | %٥٥ |
| | ٤ | ئاستەکانی زانیاری لە خۆگرتووە؟ وەک: (ناسینەوە، تێگەیشتن، جێبەجێکردن، شیکردنەوە، پێکهێنان، هەڵسەنگاندن) | ٢،٧٦ | %٥٥ |
| | ٦ | هانی خوێندکار دەدات ڕیز لە بەهاکانی کۆمەڵگە بگرێت؟ | ٢،٧٦ | %٥٥ |
| ٤ | ١ | گوزارشت لە پێداویستیەکانی خوێندکاران دەکات؟ | ٢،٧٢ | %٥٤ |
| | ٨ | هاوسەنگی لە نێوان ئامانجەکانی (زانیاری ولێهاتوویی و ویژدانی) هەیە؟ | ٢،٧٢ | %٥٤ |
| ٥ | ٢ | پێویستی و داواکاری کۆمەڵگە جێبەجێ دەکات؟ | ٢،٦٧ | %٥٣ |
| | ٥ | لایەنی لێهاتوویی و کارامەییەکانی خوێندکاری لەبەرچاو گرتووە؟ | ٢،٦٧ | %٥٣ |
| ٦ | ١١ | گونجاوە لەگەڵ ئاستی زانیاریەکانی پێشووی خوێندکاردا؟ | ٢،٦٠ | %٥٢ |
| ٧ | ١٠ | بە وردی داڕێژراوە؟ | ٢،٥٠ | %٥٠ |
| تێکرا | | | ٢،٧١ | %٥٤ |

بەپێی زانیارییە ئامارییەکانی کە لە خشتەی (٤-٢) خراوەتە ڕوو، تایبەت بە تەوەرەی (ئامانجەکان) کە (١١) بڕگە لە خۆدەگرێت، سەرجەم بڕگەکان ناوندی شیاویان لەخوار ناوەندە ژمێری (٣) وەیە کە ناوەندی شیاویان لە نێوان (٢،٨٠ – ٢،٩٠) یە، هەروەها کێشی سەدییان لەنێوان (%٥٦ - %٥٠) واتا بڕگەکان تایبەت بە تەوەرەی ئامانجەکان پەسەندنەکراوە لەلایەن مامۆستایانی تایبەت بە بابەتەکەوە، بۆیە پێویستە چاو بە ئامانجی پەرتوکەکەدا بخشێنرێتەوە و چاکسازی بکرێت لە ئامانجەکاندا لەبەرئەوەی

ڕەگەزێکـی هەرە گرنـگ و دیـاری پرۆگرامـی خوێنـدنن، ڕۆڵێکـی سـەرەکی دەبیـنن لە پرۆسـەی پەروەردەو فێرکـردن. ڕوونـی ئامانجەکـان لە پەرتـوکی خوێنـدن یارمەتـدەرێکی بـاش دەبێت بـۆ پرۆسـەکە، ئامانجەکـان ڕەنگدانەوەی کـۆمەڵگە بێت لەسـەر ئـاین و کلتـور و تایبەتمەنـدی کـۆمەڵگە پێکبێـت بە پێـی زانیـاری ئامـاری تـوێژینەوەکە ئامانجەکـانی پەرتـوکەکە ڕەنگدانەوەی کـۆمەڵگە نیـیە، هەروەها دەبێت داڕشتنی ئامانجەکـان حەز و توانـا و قۆنـاغی گەشـە ویست و کەسـایەتی خوێندکار لەبەر چاو بگیرێت، هەروەهـا گرنگی بدات بە گەشەپێدانی هەموو لایەنەکانی زانیـاری، دەروونـی، جوڵەیی ویژدانـی خوێنـدکاران. لەبڕگەیەکـی تـری ئامانجەکـان کە پەسـەندی بەدەسـت نەهێنـاوە تـازەگەرییە و گونجانـدنی ئامانجەکـانە لەگەڵ سـەردەمدا، کە دەخوازرێـت لەبەر ڕۆشـنایی ئەو گۆڕانکـارییە گەورانەدا ئامانجی نوێی پەرتوکی خوێندن دابڕێژرێت.

**تەوەری سێیەم/ پێشەکی:**

ئەم تەوەرە (٧) بـڕگەی لە خۆگرتـووە کە ئەنجـامی بۆچـوونی هەڵسـەنگێنەرانەی مامۆسـتایانی سـەبارەت بە پێشـەکی پەرتـوکی بابەتی کۆمەڵایەتی پۆلی (نۆیەم) لە خۆدەگرێت، وەک لە خشتەی (٤-٣) خراوەتەڕوو:

خشتەی (٤-٣)

ناوەندی شیاو و کێشی سەدی تێڕوانینی مامۆستایان لەسەر پێشەکی پەرتوکەکە ڕووندەکاتەوە:

| پلە | ژ. بڕگە | بڕگە | ناوەندی شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ١ | گرنگی بابەتی کۆمەلایەتی لەم قۆناغەدا بۆ مامۆستاو خوێندکار دەدەخات؟ | ٢,٨٠ | %٥٦ |
| | ٤ | دەبێتە هۆی وروژاندنی خوێندکار وهاندانی بۆ فێربوون؟ | ٢,٨٠ | %٥٦ |
| ٢ | ٢ | شـێوازی ئاخـاوتنی لەگەڵ مامۆسـتاو خوێنـدکاردا پەیـڕەو کردووە؟ | ٢,٧٥ | %٥٥ |
| | ٧ | ئامـاژەی بە سـەرچاوەی تـایبەت بە نـاوەڕۆک و بەشـەکانی پەرتوکەکە کردووە بە مەبەستی سود لێوەرگرتن؟ | ٢,٧٥ | %٥٥ |
| ٣ | ٦ | باس لە ڕاهێنان و چالاکیەکان دەکات؟ | ٢,٧٠ | %٥٤ |
| ٤ | ٥ | ڕێنمـایی مامۆسـتا دەکـات لە چـۆنێتی وتـنەوەی نـاوەڕۆکی پەرتوکەکە؟ | ٢,٦٤ | %٥٣ |
| ٥ | ٣ | ئاماژەی کردووە بە ئامانجە گشتیەکانی فێرکردن کە پێویستە پرۆگرامی خوێندن بەدی بهێنێت؟ | ٢,٦٠ | %٥٢ |
| تێکرا | | | ٢,٧٢ | %٥٤ |

بەپێی زانیارییە ئامارییەکان کە لەخشتەی (٤-٣) خراوەتەڕوو تایبەت بە تەوەرەی (پێشەکی پەرتوکی خوێندن) کە لە (٧) بڕگە پێک دێت، سەرجەم بڕگەکان ناوەندی شیاویان لە خوار ناوەندە ژمێری (٣) وەیە، لە نێوان (٢,٨٠ – ٢,٦٠) هەروەها کێشی سەدییان (%٥٦ – %٥٢) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە سەرجەم تەوەرەکان پەسەند نەکراون لەلایەن مامۆستایانی تایبەت بە بابەتەکە، واتە بەگشتی

مامۆستایان پێیان وایە پێشەکی پەرتوکەکە دەبێت دووبارە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت. بەشێوازێک بێ لەپێشەکی پەرتوکەکە گرنگی بابەت کۆمەڵایەتییەکان بۆ مامۆستاو خوێندکار بخاتەڕوو ئامانجەگشتیەکان بخاتەڕوو لەپێشەکی پەرتوکەکەدا، پێشەکی پەرتوک دەبێت سەرنج ڕاکێش بێت بۆ خوێندکاران، هەروەها دەبێت ئاماژە بەسەرجەم یەکە و بەشەکانی پەرتوکەکە بکات.

**تەوەری چوارەم/ ناوەڕۆک:**

ئەم تەوەرە (١٩) بڕگەی لەخۆگرتووە، کە تێیدا ئەنجامی بۆچوونی هەڵسەنگێنەرانەی مامۆستایان لەسەر بڕگەکانی ئەم تەوەرە دەردەخات، کە ناوەڕۆکی پەرتوکی کۆمەڵایەتی پۆلی (نۆیەم) دەگرێتەوە، وەک لەخشتەی (٤-٤) پیشاندراوە:

خشتەی (٤-٤)

ناوەندی شیاو و کێشی سەدی تێڕوانینی مامۆستایان لەسەر ناوەڕۆکی پەرتوکەکە ڕووندەکاتەوە:

| پله | ژ. برگە | برگە | ناوەندی شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ١٤ | پەیوەندی لەگەڵ پەرتوکە کۆمەڵایەتیەکانی تردا هەیە؟ | ٣،٤٥ | %٦٩ |
| ٢ | ٦ | بابەتەکانی شیاوە بۆ ئەم قۆناغەی خوێندن؟ | ٣،٣٠ | %٦٦ |
| ٣ | ١٢ | دەتوانرێت لەکاتی گونجاودا بخوێنرێت و تەواوبکرێت؟ | ٣،٢٠ | %٦٤ |
| ٤ | ١١ | ڕاهێنان و پرسیاری فێرکردن لەخۆ دەگرێت؟ | ٣،١٠ | %٦٢ |
| ٥ | ٢ | بەشەکانی پێکەوە گرێدراون و یەکتر تەواو دەکەن؟ | ٣ | %٦٠ |
|  | ٧ | ڕەچاوی جیاوازی تاکایەتی کردووە؟ | ٣ | %٦٠ |
|  | ١٩ | خاڵە گرنگەکانی بە ڕەنگ کردنی جۆراوجۆر دەخرێنە ڕوو؟ | ٣ | %٦٠ |
| ٦ | ٥ | گونجاوە لەگەڵ سایکۆلۆژیاو قۆناغی گەشەکردنیخوێندکار؟ | ٢،٩٥ | %٥٩ |
| ٧ | ١٥ | گرنگی بە لایەنی ویژدانی (حەز و ئارەزووەکان) ی خوێندکار دەدات؟ | ٢،٨٠ | %٥٦ |
| ٨ | ١ | ئامانجەکانی فێرکردن جێبەجێ دەکات؟ | ٢،٧٥ | %٥٥ |
|  | ٨ | بە ژینگەی خوێندکارەوە بەستراوەتەوە؟ | ٢،٧٥ | %٥٥ |
| ٩ | ١٨ | چە مک و زاراوەکانی ناو پەرتوکەکە ڕوون دەکرێنەوە؟ | ٢،٧٠ | %٥٤ |
| ١٠ | ٣ | کارامەیی ولیهاتوویی فێری خوێندکار دەکات؟ | ٢،٦٠ | %٥٢ |
|  | ١٣ | زانیاریەکانی پێشتر و دواتری خوێندکاری لەبەرچاو گرتووە؟ | ٢،٦٠ | %٥٢ |
|  | ١٧ | هانی خوێندکار دەدات بۆ فێربوون؟ | ٢،٦٠ | %٥٢ |
| ١١ | ١٠ | هاندەری خوێندکارە بۆ خوێندنەوەی سەرچاوەی دەرەکی؟ | ٢،٣٥ | %٤٧ |
| ١٢ | ٤ | گرنگی داوە بە بۆچونە زانستیەکان لای خوێندکار؟ | ٢،٣٠ | %٤٦ |
|  | ٩ | گرنگی داوە بە کێشە و پێداویستیەکانی کۆمەڵگە؟ | ٢،٣٠ | %٤٦ |
|  | ١٦ | توانای بڕیاردان لای خوێندکار دروست دەکات؟ | ٢،٣٠ | %٤٦ |
| تێکڕا |  |  | ٢،٧٩ | %٥٦ |

بەپێی زانیارییە ئامارییەکانی کە لەخشتەی (٤-٤) خراوەتەڕوو تایبەت بە تەوەرەی (ناوەڕۆکی پەرتوکی خوێندن) کە لە (١٩) بڕگە پێک هاتووە، (٧) بڕگە لەبڕگەکان ناوەندی شیاوییان لە ناوەندە ژمێری (٣) بەرەو سەرەوەیە، واتا پەسەند کراون لەلایەن مامۆستایانی بابەتەکۆمەڵایەتییەکان، وەک بڕگەکانی (٢، ٦، ٧، ١١، ١٢، ١٤، ١٩) کە ناوەندی شیاویان لەنێوان (٣،٤٥ – ٣) دایە هەروەها کێشی سەدییان لە نێوان (٦٩% - ٦٠%) وە (١٢) لە بڕگەکان کە ناوەندی شییاویان لە ناوەندە ژمێری (٣) کەمترە، وەک بڕگەکانی (١، ٣، ٥، ٨، ٩، ١٠، ١٣، ١٥، ١٦، ١٧، ١٨) کە ناوەندی شیاویان لە نێوان (٢،٩٥ – ٢،٣٠) دایە هەروەها کێشی سەدییان لە نێوان (٥٩%-٤٦%) ئەمەش بە واتای ئەوە دێت ئەم بڕگانە لەلایەن مامۆستایانی بابەتەکەوە پەسەند نەکراوە، پێیان وایە پێویستە پێداچوونەوە بۆ ناوەڕۆکی پەرتوکەکە بەشێوازێک بێت ناوەڕوک کە ببێتە هۆکارێک بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجە پەروەردەییەکان ئامانجی گشتی و تایبەت، هۆکارێک بێت بۆ پەرەپێدانی تواناکانی خوێندکار لەڕووی زانیاری و جوڵەیی، هەروەها ناوەڕۆک بەشێوازێک ڕێک بخرێت کە لایەنی سایکۆلۆژی قۆناغی گەشەکردن ڕەچاو بکات، بەڵام بەپێی زانیارییە ئامارییەکان ئەم پەرتوکە ناتوانێت بگاتە ئاستی پەسەند کردن، هەروەها ناوەڕۆک پەیوەندیدار بێت لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیەی کە خوێندکاری تێدا دەژی، ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگە و لایەنەکانی بێت. هەروەها لە ناوەڕۆکی پەرتوک دەبێت هانی خوێندکار بدات لەسەر خوێندنەوەی زیاتر و سەرچاوەی زیاتر بەدەر لە پەرتوکی خوێندن تاکو گەشە بە فراوان بوونی زانیارییەکانی خوێندکار بدات بەتایبەت پەرتوکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان پێویستی بە خوێنەوەی زیاتر هەیە،

چەمکەکانی ناوەڕۆک شیاو بن و لەگەل ئاستی خوێندکار گونجاو بن ئەگەر چەمک و زاراوەی نویَ دانرا دەبێت لە ناوەڕۆکی پەرتوکەکە ڕوون کردنەوەی زیاتر بدرێت بەخوێندکاران.

### تەوەری پێنجەم/ هۆیەکانی فێرکردن:

ئەم تەوەرە (٧) بـــڕگەی لەخۆگرتـــووە، کە تێیـــدا ئەنجـــامی بۆچـوونی هەڵسـەنگێنەرانەی مامۆسـتایان دەربـارەی بڕگەکـانی ئەم تەوەرە دەنوێنێت، کە تایبەتە بە هۆیەکانی ڕوونکردنەوەی پەرتوکی کۆمەڵایەتی پۆلی (نۆیەم) وەک لە خشتەی(٤-٥) خراوەتەڕوو:

خشتەی (٤-٥)

ناوەندی شیاو و کێشی سەدی تێڕوانینی مامۆستایان لەسەر هۆیەکانی فێرکردن لەناو پەرتوکەکە ڕووندەکاتەوە:

| پلە | ژ. بڕگە | بڕگە | ناوەندی شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ١ | بە پێی پێویست وێنەکان بەکارهێنراون؟ | ٢,٥٠ | %٥٠ |
| | ٤ | بە شێوازی ڕەنگاو ڕەنگ خراونەتە ڕوو؟ | ٢,٥٠ | %٥٠ |
| ٢ | ٢ | بە پێی پێویست نەخشە بەکارهێنراوە؟ | ٢.٤٠ | %٤٨ |
| | ٥ | بە شێوازێکی ڕوون و ئاشکرا خراونەتە ڕوو؟ | ٢,٤٠ | %٤٨ |
| ٣ | ٧ | سەرنجی خوێندکار ڕادەکێشرێت؟ | ٢,٣٥ | %٤٧ |
| ٤ | ٣ | بە پێی پێویست هێڵکاری بەکارهێنراوە؟ | ٢,١٥ | %٤٣ |
| ٥ | ٦ | بە شێوازێکی گونجاو دابەشکراون بەسەر پەرتوکەکەدا؟ | ٢ | %٤٠ |
| تێکرا | | | ٢,٣٢ | %٤٧ |

بەپێی زانیارییە ئامارییەکانی لە خشتەی (٤-٥) دا هاتووە تایبەت بە تەوەرەی (هۆیەکانی فێرکردن) کە (٧) بڕگە لە خۆ دەگرێت، سەرجەم بڕگەکان ناوەندی شیاویان لە خوار ناوەندەژمێری (٣) یە لە نێوان ٢،٥٠ – ٢) وە کێشی سەدییان لەنێوان (٥٠% - ٤٠%) پێک هاتووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هۆیەکانی فێرکردن لە پەرتوکی خوێندنی کۆمەڵایەتی پۆلی (٩) بنەڕەتی پەسەند نەکراوە لەلایەن مامۆستایانی تایبەت بە باتەکە، پێیان وایە بەهۆی ئەوەی هۆیەکانی فێرکردن کاریگەری ئەرێنی دەکەنە سەر ئاستی فێربوون، پەرتوکی خوێندن زیاتر دەبێت هانی خوێندکاران بدات کە زۆرترین هەستەوەری خوێندکاران بەشداری بکەن لە پرۆسەی فێربوون زیاتر سەرنج ڕاکێش و وروژێنەر بێت، هەروەها تاکو زیاتر هۆیەکانی تێدا بەکار بێت پەرتوکەکە دەبێتە سەرچاوە و پێگەیەک بۆ گەشەی هەمەلایەنەی خوێندکاران خستنەگەڕی سەرجەم هەستەوەرەکان لە کاتی پرۆسەی فێربوون. لە ئەنجامی وەڵامی ڕاپرسییەکە دەردەکەوێت کە بەپێی پێویست وێنەی ڕەنگاوڕەنگ لەگەڵ بابەتەکان بەکار نەهاتووە، هەروەها نەخشە هۆکارێکی گرنگە لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان کەم بەکارهاتووە، پێویستە بەپێی پێوەری خۆی بەکاربێت، هەمەلایەن بێت، گونجاو بێت، لەگەڵ ئاستی خوێندکاراندا.

### تەوەری شەشەم/ چالاکییەکان:

ئەم تەوەرە (١٤) بڕگەی لەخۆگرتووە، کە ئەنجامی بۆچوونی هەڵسەنگێنەرانەی مامۆستایان لەسەر بڕگەکانی ئەم تەوەرە خۆی

دەنوێنێت، کە چالاکییەکانی ناو پەرتوکی کۆمەڵایەتی پۆلی (نۆیەم) لەخۆدەگرێت، وەک لەخشتەی (٤-٦) خراوەتەڕوو:

خشتەی (٤-٦)

ناوەندی شیاو و کێشی سەدی تێڕوانینی مامۆستایان لەسەر چالاکییەکانی ناو پەرتوکەکە ڕووندەکاتەوە:

| پلە | ژ. برگە | برگە | ناوەندی شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ٥ | زانیاری ورد لە خۆ دەگرێت کە بۆ جێبەجێکردن پێویستە؟ | ٣,٦٠ | %٧٢ |
| | ٨ | توانای تێگەیشتنی خوێندکار بۆ زانیاریەکان زیاتر دەکەن؟ | ٣,٦٠ | %٧٢ |
| ٢ | ١٣ | توانای دەربڕینی خوێندکار بەهێز دەکات؟ | ٣,٤٠ | %٦٨ |
| ٣ | ٢ | دەگونجێت لەگەڵ تواناکانی خوێندکار و زانیاریەکانی؟ | ٣,٣٠ | %٦٦ |
| ٤ | ١٢ | دەبێتەهۆی زیاتر کارامە بوونی خوێندکار لە بواری کۆمەڵایەتیەوە؟ | ٣,٢٠ | %٦٤ |
| ٥ | ١ | وا لە خوێندکار دەکەن کە خودی خۆی هەوڵی فێربوون بدات؟ | ٣ | %٦٠ |
| | ٧ | دەبنەمایەی ئەوەی زانیاریەکان لای خوێندکار بمێننەوە؟ | ٣ | %٦٠ |
| ٦ | ٩ | هەمەجۆری هەیە لە چالاکیەکاندا | ٢,٩٥ | %٥٩ |
| ٧ | ٤ | لە ڕووی دەروونی و لۆژیکیەوە ڕیزبەندی بۆ کراوە (ئاسان بۆ گران)؟ | ٢,٩٠ | %٥٨ |
| ٨ | ٣ | لە توانای خوێندکاردایە جێبەجێیان بکات؟ | ٢,٧٠ | %٥٤ |
| ٩ | ١٠ | گیانی هاوکاری لەنێوان خوێندکاران بەهێز دەکەن؟ | ٢,٦٥ | %٥٣ |
| ١٠ | ١١ | گرنگی بە لایەنی ویژدانی (حەز و بۆچون و بەهاکان) دەدات؟ | ٢,٥٥ | %٥١ |
| ١١ | ٦ | هانی خوێندکار دەدەن جێبەجێیان بکەن لە ناوەوە و دەرەوەی خوێندنگە؟ | ٢,٤٥ | %٤٩ |
| تێکڕا | | | ٣,٠٢ | %٦٠ |

بەپێی زانیارییە ئامارییەکان کە لەخشتەی (٤-٦) هاتووە تایبەت بە تەوەرەی (چالاکییەکان) کە (١١) بڕگە لەخۆ دەگرێت، لەو بڕگانە (٥) بڕگەیان ناوەندە ژمێریەکەیان لە (٣) زیاتریان هێناوە بە تێڕوانینی مامۆستایانی تایبەت بە بابەتەکە ڕەزامەند بوون لە سەریان وەک بڕگەکانی (١، ٢، ٥، ٧، ٨) کە ناوەندی شیاویان لە نێوان (٣،٦٠ – ٣) هەروەها کێشی سەدییان لە نێوان (٧٢%-٦٠%) ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە بەشێک لە تەوەرەی چالاکییەکان کێشەی نییە و گونجاوە، بەڵام هەندێک لە بڕگەکان ناوەندە ژمێریەکەیان لە خوار (٣) وەیە وەک بڕگەکانی (٣، ٤، ٦، ٩، ١٠، ١١) کە ناوەندی شیاویان لە نێوان (٢،٩٠ – ٢،٤٥) کەواتە پێویستی بە چاکسازیکردن هەیە لە هەندێک لایەندا، کە ئاماژەی بۆ کراوە پێویستە ئەوچالاکییانەی دانراوە لە پەرتوکەکەدا لە توانای جێبەجێکردنی خوێندکاراندا بێت، هەروەها ڕەچاوی لایەنی دەروونی خوێندکاران بکات، پێویستە هەمەلایەن بێت، پەیوەندیدار بێت بە زانیارییەکانی ناو پەرتوکەکەوە، گیانی هاوکاری درووست بکات لە نێوان خوێندکاراندا.

**تەوەری حەوتەم/ زمانی بابەت و شێوازی خستنەڕوو:**

ئەم تەوەرە (٩) بڕگەی لەخۆگرتووە، کە ئەنجامی بۆچوونی هەڵسەنگێنەرانەی نیشاندەدات، کەتایبەتە بە زمانی بابەت و شێوازی خستنەڕووی ناوەڕۆکی پەرتوکی کۆمەڵایەتی (نۆیەم)، وەک لە خشتەی (٤-٧) خراوەتەڕوو:

### خشتەی (٤-٧)

ناوەندی شیاو و کێشی سەدی تێڕوانینی مامۆستایان لەسەر زمانی بابەت و شێوازی خستنەڕوو لەناو پەرتوکەکە ڕووندەکاتەوە:

| پلە | ژ. بڕگە | بڕگە | ناوەندی شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ١ | وشەکانی ڕوون و ئاسانە؟ | ٣,٥٠ | %٧٠ |
| | ٣ | لە ئاستی دەسکەوتی زمانەوانی خوێندکاردایە؟ | ٣,٥٠ | %٧٠ |
| ٢ | ٤ | نیشانەکانی خاڵبەندی بە ڕاست و وردی تێدا بەکارهێنراوە؟ | ٣,٤٠ | %٦٨ |
| ٣ | ٢ | ڕەوانی لە دەربڕینیدا هەیە؟ | ٣ | %٦٠ |
| | ٦ | پاکە لە هەڵەی ڕێنوسی؟ | ٣ | %٦٠ |
| | ٩ | زاراوەی زانستی کۆمەڵایەتی تێدا بەکارهێنراوە؟ | ٣ | %٦٠ |
| ٤ | ٥ | دورە لە هەڵەی ڕێزمانیەوە؟ | ٢,٩٠ | %٥٨ |
| | ٧ | سەرنج ڕاکێشە؟ | ٢,٩٠ | %٥٨ |
| ٥ | ٨ | زانیاریەکانی چڕو پڕن؟ | ٢,٦٠ | %٥٢ |
| تێکرا | | | ٣,٠٨ | %٦٢ |

بەپێی زانیارییە ئامارییەکانی کە لەخشتەی (٤-٧) خراوەتەڕوو، تایبەت بە تەوەرەی (زمانەوانی) لە ئەنجامەکاندا دەرکەوت کە لە (٩) بڕگە، (٦) بڕگەیان ناوەندی شیاویان ناوەندە ژمێریان لە (٣) سەروترە، وەک بڕگەکانی (١، ٢، ٣، ٤، ٦، ٩) لە نێوان (٣،٥٠ – ٣) هەروەها کێشی سەدییان لە نێوان (%٧٠ - %٦٠) بەڵام (٣) لە بڕگەکان ناوەندی شیاویان لە خوار ناوەندە ژمێری (٣) وەیە، وەک بڕگەکانی (٥، ٧، ٨) ناوەندی شیاویان لە نێوان ٢،٩٠ – ٢،٦٠)

هەروەها کێشی سەدییان لە نێوان (٥٨% - ٥٢%) واتا تا ڕادەیەک پەرتوکەکە لە ڕووی زمانەوانییەوە گرفتێکی ئەوتۆی نەبێت، تەنها هەندێک خاڵی پەیوەندیدار بە بواری زمانەوانی چاک بکرێت، وەک نوسینەکانی پەرتوکەکە هەندێک هەڵەی ڕێزمانی تێدایە، بەزمانێکی گونجاو و پاراو یان چڕوپڕتر بنوسرێتەوە لەگەڵ ئاست و قۆناغی گەشەکردنی خوێندکاران بگونجێت.

**تەوەری هەشتەم/ هەڵسەنگاندن:**

ئەم تەوەرە (١٣) بڕگەی لەخۆگرتووە، کە ئەنجامی بۆچوونی هەڵسەنگێنەرانەی مامۆستایان پیشاندەدات دەربارەی بڕگەکانی ئەم تەوەرە، و تایبەتە بە پرسیارەکانی کۆتایی بەشەکان لە پەرتوکی کۆمەڵایەتی پۆلی (نۆیەم)، وەک لە خشتەی (٤-٨) خراوەتەڕوو:

خشتەی (٤-٨)

ناوەندی شیاو و کێشی سەدی تێڕوانینی مامۆستایان لەسەر هەڵسەنگاندن لەناو پەرتوکەکە ڕووندەکاتەوە:

| له | ژ. برگە | برگە | ناوەندی شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢ | بیرکردنەوەی خوێندکار دەوروژێنێت و زیاتر چالاکی دەکات؟ | ٣,٢٥ | %٦٥ |
| | ٦ | فیدباک دەداتەوە بەخوێندکار؟ | ٣,٢٥ | %٦٥ |
| ٢ | ١ | گونجاون لەگەڵ ئامانجەکانی فێرکردندا؟ | ٣ | %٦٠ |
| | ٨ | بڕگەکانی پرسیارەکان ڕوون و ئاشکران؟ | ٣ | %٦٠ |
| ٣ | ٧ | ڕەچاوی جیاوازی نێوان خوێندکاران دەکات؟ | ٢,٩٠ | %٥٨ |
| ٤ | ٣ | بە پێی گرنگی بابەتەکانی بەشەکان پرسیارەکان داڕێژراون؟ | ٢,٨٥ | %٥٧ |
| | ٥ | جۆراو جۆرن؟(پێناسە، هۆکار، بۆشایی، باسکردن، هتد....) | ٢,٨٥ | %٥٧ |
| | ١٢ | دەبێتە مایەی پشت بەخۆ بەستنی خوێندکار؟ | ٢,٨٥ | %٥٧ |
| ٥ | ١١ | پرسیاەکان لە ڕووی چەندێتیەوە بە پێی پێویستە؟ | ٢,٨٠ | %٥٦ |
| ٦ | ٤ | لە ڕێگایانەوە زانیاری و لێهاتوویی خوێندکار هەڵدەسەنگێنرێت؟ | ٢,٧٥ | %٥٥ |
| تێکڕا | | | ٢,٩٣ | %٥٩ |

بە پێی زانیارییە ئامارییەکان کە لەخشتەی (٤-٨) دا هاتووە سەبارەت بەتەوەرەی (هەڵسەنگاندن) کە (١٢) بڕگە لەخۆ دەگرێت، (٥) لە بڕگەکان ناوەندی شیاویان دەکەونە سەرو ناوەندە ژمێری (٣)، مامۆستایان ڕەزامەن بوون لەسەریان وەک بڕگەکانی (١، ٢، ٦، ٨، ١٠) کە ناوەندی شیاویان لە نێوان (٣،٢٥ – ٣) هەروەها کێشی سەدییان دەکەوێتە (٦٥% - ٦٠%) هەروەها (٧) لە بڕگەکان ناوەندی شیاویان لە خوار ناوەندە ژمێری (٣) وەیە، پەسەند نەکراوە وەک بڕگەکانی (٣، ٤، ٥، ٧، ٩، ١١، ١٢)، کە ناوەندی شیاویان لە نێوان (٢،٩٣ – ٢،٧٥) هەروەها کێشی سەدییان (٥٩% - ٥٥%) ئەمەش بە واتای ئەوە دێت هەندێک خاڵی پرسیارەکان و هەڵسەنگاندنی ناو پەرتوکەکە ڕەچاوی بارودۆخ و تواناکانی خوێندکاری کردووە، بەڵام لە هەندێک خاڵدا پێویستە هەڵسەنگاندنی پەرتوکەکە چاکسازی تێدابکرێت، چونکە پرۆسەی هەڵسەنگاندن

بەشێکی سەرەکییە لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، هاوکات بە یەکێک لە بنەماکانی پەرتوکی خوێندن دادەنرێت، هەر لەسەرەتا بەشدار دەبێت تا کۆتایی پرۆسەکە، پێویستە گشگیر بێت سەرجەم لایەنەکانی پەرتوکەکە لەخۆ بگرێت، بەڵام لە پەرتوکەکە ئەم خاڵە بە لاوازی دەرکەوتووە، سەرجەم لایەنەکانی گەشەی خوێندکار و ئامانجەکانی مەعریفی و کارامەیی و دەروونی لەخۆبگرێت ڕەچاوی جیاوازی تاکایەتی خوێندکاران بکات، تاکو ببێتە هۆکاری بەرزبونەوەی ئاستی بڕوا بەخۆبوون لای خوێندکاران.

### ٤-٢: دەرئەنجامی توێژینەوە:

توێژەران بەم دەرئەنجامانە گەیشتن لە توێژینەوەکەیان:

٤-٢-١: مامۆستایان هاوڕابوون لەسەر ئەوەی پەرتوکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، وەک پێویست نییە و لە ئاستێکی تاڕادەیەک لاوازدایە.

٤-٢-٢: ئامانجەکانی هەر پەرتوکێک بە ڕەگەزێکی گرنگ دادەنرێت لە پەرتوکی خوێندنگە، بە شێوەیەکی گونجاو نەخراوەتەڕوو لە کاتێکدا مەبەستی سەرەکی لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، هێنانەدی ئامانجەکانە لە ڕەوشتی خوێندکاردا..

٤-٢-٣: بە پێی ئەنجامی توێژینەوەکەو ڕای مامۆستایان لەسەر تەوەری هونەری پەرتوکەکە پەسەندە لەم لایەنەوە دەرکەوت هەندێک لایەنی لاوازی تێدایەوەک (بەرگی پەرتوک و ناونیشانی سەرەکی و لاوەکی ڕەنگ و جۆری پەرتوکەکە و بوونی هەندێک

هەڵەی تایپ، پێویست بە پێداچوونەوە و چاککسازی کردن دەکات تێیدا.

٤-٢-٥: لە ئەنجامی توێژینەوەکەو ڕای مامۆستایان، دەرکەوت کە تەوەرەکانی پێشەکی و ناوەڕۆکی پەرتوکی کۆمەڵایەتی لە ئاستێکی زۆر لاوازدایە بە بەراورد بە پێوەری هەڵسەنگاندنەکە.

٤-٢-٦: سەبارەت بە تەوەری هۆیەکانی فێرکردن بە ڕای مامۆستایان پەسەند نەکراوە، ئەویش بە پێی ئەوەی کە هۆیەکان سەرنج ڕاکێش نین و کەمترین هەستەوەرەکانی خوێندکار بەشداری تێدا دەکەن.

٤-٢-٧: لە ئەنجامی توێژینەوەکە دەرکەوت چالاکییەکانی ناو پەرتوکەکە تاڕادەیەک پەسەند کراوە لەلایەن مامۆستایانەوە، لەگەڵ ئەوەی هەندێک کەموکورتی تێدایە وەک (هەمەجۆر نەبوونی چالاکییەکان و ناهاوسەنگی دەروونی و بێتوانایی خوێندکار لە جێبەجێکردنیاندا.

٨. بە ڕای مامۆستایان تەوەری هەڵسەنگاندنی پرسیارەکانی کۆتایی پەرتوکی بابەتی کۆمەڵایەتی لە ئاستێکی لاوازدایە و پەسەند نییە، لەبەر ئەوەی پرسیارەکان ڕەچاوی جیاوازی تاکایەتی ناکات و بە پێی گرنگی بابەتەکانی بەشەکان پرسیارەکان دانەڕێژراوە و پێوانەی ئامانجەکان ناکات.

## ٤-٣: ڕاسپاردەکان:

لەبەر ڕۆشـــنایی ئەنجامەکـــانی تـــوێژینەوەکە ئەم ڕاســـپاردانە دەخەینەڕوو:

٤-٣-١: دووبـــارە چاوپێداخشـــاندنەوە بە پەرتـــوکی بـــابەتی کـــۆمەڵایەتی پـــۆلی نـــۆی بنەڕەتـــی، لە پێنـــاو گەشـــەکردنی خـــاڵە بەهێزەکـان و نەهێشـتنی ئەو خـاڵە لاوازانەی تـوێژینەوەکە ئاشـکرای کردوون.

٤-٣-٢: پێویستە دانەرانـی پرۆگرامـی بـابەتە کۆمەڵایەتییەکـان لە وەزارەتـی پەروەردە، ئامـانجە تـایبەتی و گشـتیەکانی هـەر پەرتوکێـک بەشـێوازێکی دیـار و ڕوون دابڕێـژن کە لە بەرژەوەنـدی پرۆسـەی فێربوون و فێرکردندا بێت.

٤-٣-٣: پێشـــەکی و ئـــامرازە فێرکارییەکـــان زانســـتییانەتر و کاریگەرتر دابنرێت و دوور بێت لە باسکردنی درێژی ڕاپۆرت ئاسـا و پڕکردنەوەی توێی پەڕەکان بە نەخشە و هێڵکاری نەگونجاو.

## ٤-٤: پێشنیارەکان:

ئەنجامـــــدانی ئەم تـــــوێژینەوەیە یـــــارمەتی تـــــوێژەری دا لەپێشـنیارکردنی هەنـدێک تـوێژینەوەی دیـکە، کەدەتوانرێـت ئەنجـام بدرێت لەوانە:

٤-٤-١: هەڵسـەنگاندنی پەرتـوکی مێـژووی قۆنـاغی ئامـادەیی، لە تێڕوانینی خوێندکارانەوە.

٤-٤-٢: هەڵسەنگاندنی پەرتوکی کۆمەڵایەتی، لە تێڕوانینی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانەوە.

٤-٤-٣: هەڵسەنگاندنی وێنە و نەخشە و هێڵکارییەکانی پەرتوکی کۆمەڵایەتی قۆناغی بنەڕەتی لە تێڕوانینی مامۆستایانەوە.

## لیستی سەرچاوەکان


**<u>سەرچاوەی کوردی</u>:**

- سیوەیلی، ئیدریس (٢٠١٧) **مامۆستای کارامە و وانەوتنەوەی سەرکەوتوو**، چ٢، سلێمانی چاپخانەی چوارچرا.
- قادر، ڕمەزان حمەد ئەمین (٢٠١٧) **پێوانە و هەڵسەنگاندن**، چاپخانەی چوارچرا، چ١، سلێمانی.
- قادر، ڕەمەزان حمەد ئەمین (٢٠١٤) **ڕێگا و شێوازە تیۆری و پراکتیییەکانی وانە وتنەوە**، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چ١، هەولێر.
- مامڵێسی، زانا عوسمان (٢٠٠٩) **هەڵسەنگاندنی کتێبەکانی مێژووی قۆناغی ئامادەیی لە تێڕوانینی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانەوە**، ماستەرنامەی بڵاو نەکراوە.
- ئێرتوغرۆڵ، خالید (٢٠١٧) **ڕێبەری مامۆستا بەرەو سەرکەوتن**، وەرگێڕانی دۆستی عوسمان صدیق، چ١، بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان.

**<u>سەرچاوەی عەرەبی</u>:**

- ابولبدة، سعد (١٩٧٩) **مبادء القياس النفسي و التقويم التربوي للطالب الجامعي**، كلية التربية، مطبعة جمعية عمال المطابع التعاونية، ط١، عمان.
- الأغا، إحسان وعبد المنعم، عبد الله (١٩٩٧) **التربية العملية وطرق التدريس**، ط ٤،غزة.

- البياتي، عبدالجبار توفيق وزكريا زكي اثناسيوس (١٩٧٧) **الإحصاء الوصفي والإستدلالي في التربية وعلم النفس**، مطبعة الجامعة المستنصرية، بغداد.
- الجادري، عدنان حسين (٢٠٠٧) **الاحصاء ا لوصفي في العلوم التربوية**، ط٢ دارالمسيرة للنشر، عمان.
- الجاغوب، محمد عبدالرحمان (٢٠٠٢) المنهج التقويم في مهنة التعليم، جار الوائل للنشر، عمان.
- حمدان، محمود (١٩٩٨) **تقويم كتاب الجبر للصف التاسع الأساسي من وجهة نظر معلمي الرياضيات**، بحث غير منشور رسالة ماجستير- جامعة الأقصى.
- حويج، مروان أبو حويج (٢٠٠٠) **المناهج التربوية المعاصرة مفاهما** ،عنصرها، اساسها، دار الثقافة للنشر والتوزيع، ط١.
- خليفة علي ،وائل شبلاق (٢٠٠٧) **جودة الكتب المدرسية بمرحلة التعليم الأساسي من وجهة نظر مشرفي هذه المرحلة**، المؤتمر التربوي الثالث الجودة في التعليم العام الفلسطيني – الجامعة الإسلامية.
- الخوالدة، محمد محمود (٢٠٠٤) **أسس بناء المناهج التربوية وتصميم الكتاب التعليمي**، دار المسيرة، ط١، عمان .
- الدليمي و الهاشمي، طه و عبدالرحمن (٢٠٠٨) **المناهج بين التقليد و التجديد**، دارأسامة، ط١.
- الروسان، فاروق (١٩٩٩) **اساليب القياس والتشخيص في التربية الخاصة**، دار الفكر للطباعة، ط١، عمان.
- الزوبعي، عبدالجليل ابراهيم ومحمد احمد غنام (١٩٨١) **مناهج البحث في التربية**، الجزء الآول، بغداد.
- الشبلي، ابراهيم مهدي (٢٠٠٠) **المناهج، بنائها، تنفيذها، تقويمها، تطويرها، باستخدام المناهج**، ط٢، دار الامل للنشر، اربد.
- شحاتة، حسن (٢٠٠١) **المناهج المدرسية بين النظرية والتطبيق**، القاهرة، مكتبة الدار.

- الصبري، عزام عبدالرحمن (٢٠٠٦) **الاحصاء الوصفي و تعامل spss**، دارالكتاب العالمي، عمان.
- عاشور، راتب قاسم (٢٠٠٤) **المنهج بين النظرية و التبيق**، دار المسيرة للنشر و التوزيع، ط١، الاردن.
- العكَيلى، احمد عبدالزهرة سعد (١٩٩٠) **تقويم كتابي العلوم الموحد لدول الخليج العربي للصفين الأول والثاني الابتدائي من وجهه نظر المعلمين و المشرفين**، كلية التربية الاولى، جامعة بغداد، (رساله ماجستير غير منشوره).
- عودة، احمد، (٢٠٠٢) **القياس والتقويم في العملية التدريسية**، ط٦، جامعة يرموك، إربد، الأردن.
- الغزاوي، محمود (١٩٩٥) **دراسة تقومية لكتاب تاريخ الحضارة العربية الأسلامية للصف التاسع الاساسي في الاردن**، جامعة اليرموك، كلية التربية، رسالة ماجستير غبر منشورة.
- الكبيسي، عبد الواحد (٢٠٠٧) **القياس والتقويم**، دار الجرير للنشر، ط١،عمان.
- كشرود، عمار الطيب (٢٠٠٧) **البحث العلمي ومناهجه في العلوم الاجتماعية والسلوكية**، دار المناهج للنشر، عمان.
- اللبان، فرح حفظي حسن (٢٠١٦) **تقويم الكتاب قواعد اللغة العربية للصف الأول المتوسط و وفق معاير الجودة الشاملة من وجهة النظر مدرسين اللغة العربية و مدراساتها**، رسالة ماجستير منشورة، مجلد كلية التربية الأساسية للعلوم التربوية والإنسانية، جامعة بابل، عدد ٢٥.
- ماهر، ابو الهطل و اخرون (٢٠٠٣) **تقويم كتاب الرياضيات للصف الثامن( الجزء الثانى) من وجهة نظر معلمي الرياضيات و طلبتهم بمحافظات غزة**، وكالة هيئة الأمم المتحدة، دائرة التربية والتعليم، مركز التطوير التربوي.
- مجاور، محمد صلاح الين على وفتحي عبد المقصود الديب (١٩٧٧) **المناهج المدرسي: أسسه وتطبيقاته التربوية**، دار القلم ، ط٤، كويت.

- المحاسنة، إبراهيم محمد و مهيدات عبدالحكيم علي (٢٠٠٩) **القياس والتقويم الصفي**، ط١، عمان، الاردن.
- المرعي والحيلة، أحمد و محمد محمود (٢٠٠٠) **المنهاهج التربوية الحديثه**، دار المسيرة للطباعة و النشر ، ط٢، عمان.
- مرعي، توفيق، والحيلة، محمد (٢٠٠١) **المناهج التربوية الحديثة**، مفاهيمها وعناصرها وأسسها وعملياتها، ط٢، دار المسيرة للنشر والتوزيع، عمان: الأردن.
- هيكل، عبد العزيز فهمي (١٩٩٥) **طرق التحليل الإحصائي**، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت.
- وزاره التربيه والتعليم (٢٠٠٣) **مشروع التطوير التربوى نحو الاقتصاد المعرفى المسوده الاولية**، إداره البحث والتطوير التربوي، عمان، الاردن.
- الوكيل والمفتي، حلمى و محمد اَمين (١٩٩٨) **المناهج مفهوم ،العناصر**، مكتبة أَنجلو المصرية، ط١، القاهرة.

**ملخص**

يتكون البحث من أربعة فصول رئيسية، حيث يتناول الفصل الأول تعريف عام للبحث ، أما الفصل الثاني منه في تطرق للأطار النظرى للبحث اذ عرضت فيه أجراءات البحث مع اشارة الى بعض الأبحاث السابقة في هذا المجال. و الفصل الثالث يعالج جميع الخطوات التي سلكها الباحثان لتنفيذ و أجراء مايلزمه البحث. كما يختص الفصل الرابع بعرض النتائج و تحليل البحث مع تحديد مجموعة من الاستنتاجات و التوصيات وكذلك المقترحات.

و عليه فان الهدف من البحث هو تقييم منهج الاجتماعيات للصف التاسع الاساسى من وجهات نظر المعلميين للسنة الدراسية " ٢٠١٧-٢٠١٨" . و تتكون عينة البحث من مائة معلم لمنهج الاجتماعيات من كلا الجنسين، وحرى بالذكر ان العينة اختيرت بشكل عشوائى من مجتمع البحث فى خمس و ثلاثين مدرسة لمديرية التربية الشرقية و الغربية على حد سواء، حيث ان ثمان و ثلاثون منهم ذكور و أثنان وستون منهن إناث.

و لجمع المعلومات اللازمة لتطبيق هذا البحث أعتمد الباحثان على قائمة الاستبيان و البحوث السابقة، والتي تتضمن ثمان اختصاصات مختلفة: كالفن و الاهداف، المقدمة، المحتوى، أساليب التعليم ، النشاطات، اللغة، تقييم الأسئلة النهائية.

ويتكون من سبع و ثمانون فقرة.

و بعد اعداد الوسيلة و اخراج الصدق و الثبات، قام الباحثان بتطبيقها على عينة أصل للمعلمين، وبعد التحيل و ابطال الاستبيان عن طريق استخدام معادلة احصائية و وسط المرجح وطريقة النسبة المئوية و ترتيب و تركيب الفقرات تم عرض نتائج.

## Abstract

The research contains four primary sections , the first section contains the general description of the research , the second section contains theoretical framework about the research and its rules with some previews researches, the third section is about the works and the theories of the previews researchers, the fourth section is general conclusion and the results of the research and also some recommendations and suggestions The purpose of this research is to evaluate and review the curriculum of the social subjects for the primary ninth grade in the perspective of the teachers for the school year of 2017-2018. And it consists of sample of 100 social science teachers in both genders tha chosen randomly in 35 schools in the east and west education directorate. 38 of them are male and 62 of them are female. For collecting necessary datas to implement this research the participants depended on previews researches, it includes 8 different specialities like (art and goals, introduction, contents, methods of education, activities, language, final evaluation questions). And it consists of 87 sections. The researchers after monitoring and evaluating and reviewing the truthfulness of the research, they began to implement it on the teachers, after deep analysis and evaluation by using statistical equations and the method of percentage and organizing the sections, the results are shown.